# کۆمۆنیستەکان و پراتیکی پۆپۆلیستی

## پۆختەی باسی شێوەکار لە کۆنگرەی یەکەمی " ا تحادی مبارزان کمونیست "دا

## منسور حکمت

من هەوڵ دەدەم ئەو قسەوباسەی واتا ئێستا لەکۆنگرەدا سەبارەت بە شێوەکار کراوە، کۆبکەمەوە سەریەك وە فورمووڵبەندی یەکی نیهایی بە دەستەوە بدەم کە سەرجەمی ئەم باسە لە خۆدا کۆکردبیتەوە. پاش ئەم فۆرمۆلبەندیە گشتی یە، دەتوانین دەست بدەینە ڕوون کردنەوەو چارەکردنی ئەو گیروگرفتانەی وا لە شێوەکاری پۆپۆلیستی یەوە سەرچاوەیان گرتووە. سەرەتا با بچینە سەر ئەوە کە چۆن بەم فۆرمووڵبەندی یە نیهایی یە بۆ ڕەخنەگرتن لەشێوەکاری ڕابردوومان. مەسەلەی شێوەکار ، لە ساڵێك و چەند مانگ لەوە پێشەوە ، لەنێو ئێمەدا هاتووەتە گۆڕ .

مەسەلەکە سەرەتا بەم شێوەیە هاتەگۆڕ کە دیتمان شێوەی هەڵسوڕا نمان لە تەبلیغ وتەرویج و باسەکانی کاری ڕێکخستن دا، بەکردەوە ناکۆکی لەگەڵ ئاما نجەکا نمان هەیە. گەلێك گیروگرفتی تەشکیلاتی لەسەر ڕێگامان بوون کە تا ئێستا گەلیك نموونەی ئەم گیروگرفتانە، لە کۆنگرەدا ئیشارەیان پێ کراوەو من بەدرێژی لەسەری ناڕۆم . ئێمەی دەمان دیت کەلە خەباتی عەمەلی و ڕۆژانەی پرۆلیتاریادا تەئسیرێکی ئەوتۆمان نیە، دەمان دیت هیزەکا نمان قەتیس ماون و بە کردەوە پاش زیاتر لەسێ ساڵ هەڵسوڕانی جددی ڕێکخراوەی ، دەسکەوتێکی وامان نەبووە کە ڕازیمان بکات . گەشەمان لە بزوتنەوەی کرێکاری دا، کافی نەبوو. ئێمە دەمان دیت کە بۆرژوازی بە ئاسانی زەربەمان لێ دەدات، وە بەکردەوە گەلێك هاوڕێ و ئیمکاناتیکی زۆرمان لە دەست دەچێ . ئێمە دەمان دیت کە لە ڕیزەکا نماندا، ئەرکی پەروەردەکردنی کادر لە ئاستی جۆراوجۆردا، هەر هیچ شێوەیەك بەرەو پێش ناچێ و تەنانەت لە فلانە مەیدانی دیاریکراوی هەڵسوڕانیش دا، هاوڕێ یانی ئێمە بە شێوەی سیستەماتیك، بەشێوەیەك کە مەبەستێکی تیدا بەستەبێ، پەروەردە ناکرێن و هیچ گەشەیەك بەرچاو ناکەوێ . هەروەك وتمان نموونەی لەم چەشنە زۆرن . سەرجەم بەوە گەیشتین کە کاری تەشکیلاتی مان پشتی بە تیئوری یەکی کۆمۆنیستی تەشکیلاتی نەبەستووە و لە ئە نجامدا بە پیچەوانەوەی ئامانج وبیروڕاکا نمان، لە مەیدانی کاری تەشکیلاتی دا، بە مانای ڕاستەقینەی ووشەکە، بەشێوەیەکی کۆمۆنیستی هەل ناسووڕیین. لێرەدا بوو کە دەستماندایە هەول و تێکۆشانێکی جددی بۆ دۆزینەوەو تێ گەشتنی سەرەتاکانی تیئوری لینینی یان کۆمۆنیستی لە مەیدانی کاری تەشکیلاتی دا...هەموومان، لەسەرەتای ئەو قسەوباسەدا کە سەبارەت بە شێوەکار کرا، شێوەکانی پێشوومان بە شێوەی وردەبورژوای زانی و مەحکومان کرد. وە خوازیاری ئەوەبووین کە لە جیاتی ئەو شێوەو ڕوشتانە شێوەو ڕەوشتی کۆمۆنیستی جیگیر بکرێن.

هەمووما ن بە شکلی جۆراوجۆر بەبەیانی جۆراوجۆر باسی ئەوەمان کرد شێوە کاری پۆپۆلیستی وشێوەو ڕەشتی کۆمۆنیستی ناکۆکی یان بەیەکەوە هەیەو لەگەل یەکتر نایەنەوە. بەلام مەسەلەی سەرەکی ئەوەبوو کە کۆنگرە لەسەرەتای ئەم باسەدا ، تا چ ڕادەیەك لەم جیاوازی و ناکۆکی یە ئاگادارەو لەم بابەتەوە چەند بە قووڵی لە مەسەلەکە گەشتوە . ئایا لەسەرەتای ئەم باسەدا ئەوەندە بە قووڵی لەو جیاوازی و ناکۆکی یە گەیشتووین کەلە مەیدانی ئەو باسەدا ڕاستەوخۆ دەست بدەینە لیکۆلینەوەی ئەو ئەلقانەی وا پراتیکی ترو کۆنکرێت ترن. وە هەروەها شێوە عەمەلیەکا نمان لە مەیدانە دیاریکراوەکانی هەلسوڕان دا بدەینە بەر لێکۆلینەوە ، یان هیشتا تێگەشتنی هاوبەشمان لە ئاستێك دا بوو کە پێویستی بەوە دەکرد باسەکە قوولتر و تەجریدی تر بکرێتەوەو بە ئالقەی بنەڕەتی تر بگات ؟ ئایا دەبووا ئێمە ڕەوتی باسەکەمان بەرەو نزیك بوونەوە لە ئاستی مەسەلە پراتیکەکان درێژ پێ دابا یان دەبووا قووڵتر بەدوای لێکدانەوەی تیئوریکی مەسەلەکەدا بچین ؟ ئایا دوایین ووتە و قووڵترین بەیانی تیئۆریکی مەسەلەکە ئەوەبوو کە بڵێن شێوەکاری ئێمە وردەبۆرژوایی یانە بووە ؟ ئایا ئەگەر ئێمە ئەمان ووتبا بەو ئاڵقە سەرەکی و گشتی و تیئوریکە گەشتبووین کە ڕێگامان بۆ بکاتەوە بۆ ئەوەی سەر لە نوێ بگەڕینەوە سەر ڕاستی یە تایبەت و پراتیکەکان ؟ ( ئەلقەیەکی گشتی و موجەڕەدی وەك مەقوولەی کاری موجەرەدی لە باری کۆمەلایەتی یەوە پێویستە، کە مارکس لە لێکدانەوەی بایی دا پێی دەگاو پاشان سەرلەنوێ بایی ونرخی کالاکان بە پێی ئەو مەقوولەیە لێك دەداتەوە ). ئایا ئێمە لە باری تیئۆریکەوە ئەوەندە قووڵ بۆی دا چووبووین، بناغەکەمان ئەوەندە قووڵ دانابوو کە خشتی هەرچی کۆنکرێت تر لە سەریەك هەڵچنین ؟ لەباسە سەرەتایی یەکاندا دەردەکەوت کە ئێمە هێشتا لەباری تیئوریکەوە نەمانتوانیوە مەسەلەکە بە قووڵی لێك دەینەوە. ئەوە کە لیکدانەوەی جۆراوجۆر هەبوون، باسەکان بەرەو ئەوە چووبوون کە مەسەلە وردەکان و شوێنەواری شێوەکاری وردەبورژوایی یانە قسەیان لەسەر بکرێ و باسەکان هەر لەو چوارچیوەیەدا دەمانەوە. وە تەنانەت مەسەلە تازەکان هەر بەشێوەی کۆن چاویان لێ دەکرا ؟، ئەمانە هەموو نیشاندەری ئەوە بوون کە ئێمە هێشتا بەشێوەیەکی قوول و بنەڕەتی دەرکمان بە مەسەلەکە نەکردبوو. ئێمە خوازیاری ئەوە بووین کە لەباری چینایەتی یەوە بەتەواوی لە شێوەکارو ڕەوشتە عەمەلی یە وردەبورژوایی یەکان دابڕێین و لێ یان جیاببینەوە. وە هەر بەم بۆنەوە بۆ ڕەخنەگرتن لەم ڕەوشتانە پێویستمان بە تێزو فورمووڵبەندیەکی سەرەکی هەبوو کە ئەو دابڕانە بە وردی و بە قوولی بەیان بکات و مەجالی ئەوەمان پێ بدات بە پشت ئەستووری ئەو فۆرمووڵبەندی یە سەرەکی یە دیمەنی کۆنکرێت تری ئەم ڕەوشتانە لەسەر بنچینەیەکی واحد بدەینە بەرەخنە،وە بە شێوەیەکی چەسپاو وجێگیرکراو ئاڵتەرناتیڤی کۆمۆنیستی بەرانبەر بەو ڕەوشتانە دیاری بکەین. کەوابوو ئەو فۆرمووڵبەندیە جۆروجۆرانەی کە لە ڕەوتی باسەکەدا وەك " فۆرمووڵبەندی سەرەکی و هەمەلایەنە" باسیان لێ دەکرا ، هەموویان لەم ڕوانگەیەوە دەدرانە بەر لیکوڵینەوەو ورەخنە لیگرتن و دەرکەوتن کە وەلامدەرەوەی پێویستی یەکا نمان نین وە تەنانەت ئەو کەسانەش کە ئەم فۆرمووڵبەندی یانەیان دەهێنایە گۆڕ، خۆیان بەخێرایی پەیان بەوە دەبرد کە فۆرمووڵبەندیەکان کەم و کورتیان تیدایە. ئەم فۆرمووڵبەندەیە ناتەواو کەم کورتانە چی بوون ؟ یەکێکیان بریتی بوو لەو باسە کە دەیگوت بەشی زۆری ڕەخنەی سەرەکی مان بەرانبەر بە شێوەکاری ڕابردوو، لە ڕاستی دا ئەوەیە کە ڕەخنە لە ئانارکۆ _ سەندیکالیزمی کاری خۆمان بگرین وە کاتێك ڕەخنەمان لە ئەنارکۆ_سەندیکالیزم گرت، دەتوانین بەشێوەو ڕەوشتی ئوسووڵی بگەین . یەکەمین کەم و کۆڕی ئەو فورمووڵبەندیە کە دەست بەجێ تێیدا بەدی دەکرا ئەوەبوو کە هەر لە بنەڕەتەوە ڕوونی نەدەکرەوە بۆچی ڕێکخراوی

پۆپۆلیستی دەرهەق بە چینی کریکار، تووشی پاسیفیزم و دەستەو ئەژنویی و بێ عەمەلی دەبێ . ئەم فۆرموولە تەنیا لەو جێگایە ڕەخنەی لە شێوەکاری ئێمە دەگرت کە ئێمە هەڵوێستێکی چالاکمان دەرهەق بە چینی کریکارو بزوتنەوەی کریکاری بوو. وە هەرگیز ئەم ڕاستی یەی لەبەرچاو نەدەگرت کە تائێستا تەشکیلاتی ئێمە ئەوە نەبووە کە ڕوو بکاتە چینی کریکار وە ئەم چینە بکاتە بابەتی سەرەکی وهەمیشەیی کاری تەشیلاتی . ئەم فۆرموولبەندی یە زۆر زوو وەلانرا، فۆرموولبەندی یەکی تر بڕوای بەوە هەبوو کە " تەشکیلات پێشترە لە ئیدۆلۆژی و سیاسەت " یاخود بڵێین بڕوای بە " تەشکیلاتچیەتی" هەبووە کە لە درێژەی باسەکەدا دەرکەوت کە ئەم فۆرموولبەندی یە دەکەوێتە چوارچێوەی مەسەلەی سکتاریزم بە مانا گشتی یەکەی، یانی جیایی ڕێکخراو لە چین، ئەم فۆرموولبەندی یە وەك قوولترین بەیانی گشتی ڕەخنەی ئێمە بەرانبەر بەڕەوشتە عەمەلی یە وردە بورژوازیی یەکان، باسی کرا. وە لەبەر ئەوەی هەر بەڕەخنە گرتن لەم فۆرموولبەندیە بەم تێگەیشتنەی ئێستا گەیشتین، پاشان دەگەڕێمەوە سەر خالیکی تر کە لەلاوە بۆماوەیەك بووبوو بە محووەری باسەکان بریتی بوو لە مەسەلەی چێ و شوێنی فابریکەکان لە خەباتی چینایەتی دا. لە هەندێك باسی وا دەردەکەوێت کە مەسەلەی شێوەکار لە ڕوانگەی بینای تەشکیلاتی یەوە، وە لەو ڕوانگەوە کە چەندە وچۆن هێز بۆ کارخانەکان تەرخان بکرێ چاوی لێدەکرا . لە درێژەی ئەم باسەدا، مەسەلەی شێوەکار تەنانەت وەك مەسەلەیەکی ئەساسنامەیی باسی کرا ، بەم جۆرە باسی کرا کە گوایە کەم و کووڕی کارەکەمان لەوەدابوو کە هێزی خۆمان تیژو ئاراستە نەکردووەتەوە نێو فابریکەکان وە تەشیکلات پشتی بە شانەی شوێنی کاری کریکاران نەبەستووە، مەسەلەی ئیکۆنۆمیزمی ئاکسیونی ( کەوتنە شوێن جولانەوەی خۆرسکی هەندێك توێژی کۆمەل ) وە ئاکسیونی ڕێکخراوەیی ( بەرتەسك کردنەوەی خەبات لە چوارچێوەی ئەو حەرەکەتە ئاکسیونی یانەدا کە بە پێی هێزی ئەفرادی تەشکیلات هەڵدەگرسێن )، کە وەك دیمەنێك لە هەڵوێستی سازمانە پۆپۆلیستەکان دەرهەق بە مەسەلەی تاکتیکەکان باسی کرا بوو، لە هەندێك قسەی هاوڕی یاندا هەتا ڕادەی لادانێکی بنەڕەتی زەفکرایەوە، وە نا ڕاستەوخۆ بە محوەری باسی شێوەکار لەقەلەم دەدرا . فۆرموولەبەندیەکی تر ئەوەبوو کە لە شێوەکاری پۆپۆلیستی دا، کاری ڕۆتین ( واتە کاری هەمیشەیی، بەردەوام و بێ پسانەوە )ی کۆمۆنیستی لەلایەکەوە تاکتیکەکان لە لایەکی ترەوە، تێکەلکراون و سنووریان لێك جیاناکاتەوە، وە لە کردەوەدا دیارە کە کاری ڕۆتینی حزبی لە شێوەکاری پۆپۆلیستی دا هیچ جێ و شوێنێکی نیە. لێرەدا وادیاربوو کە ئێمە زۆر لە شی کردنەوەی مەلەسەکە نزیك بووینەتەوە، بەلام ئەم فۆرموولبەندی یە لە قەدەر خۆی زۆر گشتی ونارۆشنە، وەدەتوانری تەفسیری جۆراوجۆری لێ بکرێ . لەلای هەندێك لە هاوڕێ یان وا ڕەچاو کردن و بەدەستەوە گرتنی تاکتیکەکانیش وەك بەشێك لە کاری ڕۆتینی کۆمۆنیستی چاو لێ دەکرا، وە بەم پێ یە جیاوازی و ناکۆکی نێوان کاری ڕۆتینی کۆمۆنیستی و تاکتیکی یەکان، دەبوو بە جیاوازیەکی پووچ وبێ ناوەڕۆك، بەرانبەر بەمە هەندێك هاوری دیکە بۆ ڕوونکردنەوەی سنووری نیوان کاریی ڕۆتینی کۆکۆنێستی ( حزبی ) و تاکتیك، لە کردەوەدا کاری ڕۆتینیان هەتا ڕادەی تەرویجی سوسیالیزم دادەشکاندو تاکتیکەکانیان بە بناغەی هەموو هەڵسووڕانێکی غەیرە تەرویجی لەقەلەم دەدا. بە پیی ئەم بۆچوونە، کاری ڕۆتینی حزبی جارێکی تر، وەك هەموو جارەکانی پێشوو کەلە ماوەی یەکسالی ڕابردوودا ئەم مەقوولەیە باسی کرابوو، ناوونیشانی " کاری ئارامی سیاسی" بەسەردا براو لەبەردەست هەل دەگیرا. لە پەیوەند لەگەل کاری ڕۆتین و تاکتیك وە پەیوەندی دوولایەنەی ئەم دووانە ، گەلێك بابەتی گرنگ ، هەرچەند بەشێوەی نارێك و پێك و پرژو بلاو درایە بەرباس و لیکۆلینەوە، وەك ئەوەی کە : بابەتی کاری کۆمۆنیستی چی یە : چینی کریکار بابەتی کاری کۆمۆنستی یە یان بزوتنەوەی کریکاری ؟ مەسەلەی تاکتیکەکان چی؟ خەباتی سوسیالیستی و بەشداریکردن لە شوڕشێکی بالفعل غەیرە سوسیالیستی دا لەباری ریکخستن و شیوەکارەوە چ پەیوەندی یەکیان لەگەل یەکتر هەیە ؟ ئەرکە هەمیشەیی یەکانی تەشکیلاتێکی کۆمۆنیستی کامانەن وە تاکتیکەکان چ تەئسیریکیان لەسەر ئەم ئەرکە هەمیشەیی یانە هەیە؟ ئایا کریکاران بەبۆنەی خەباتی تاکتیکی ئێمەوە ڕوو دەکەنە کۆمۆنیزم و ڕێکخراوی کۆمۆنیستی، یان بەبۆنەی هەڵسوڕانی هەمیشەی سۆسیالیستی مانەوە ؟ ئایا کۆمۆنیست کردنی کریکاران، تەرویجی بیروباوەری کۆمۆنستی لە نێو کریکاران دا وە پیکهینانی ڕێکخراوی کۆمۆنیستی کریکاری، هەڵسورانیکی " ئارام " ی سیاسی یە ؟ ئایا کۆمۆنییستەکان تەنیا بەبۆنەی خەباتی تاکتیکی خۆیانەوە شۆڕشگێرن ؟ وە گەلێك پرسیاری تری لەم چەشنە. ئەم پرسیارانە هەموویان گرنگن، بەتەواوی پەیوەندیان بە باسی شێوە عەمەلی یە کۆمۆنیستی یەکانەوە هەیەو هەر فۆرموولبەندیەکی ئسوولی لە مەڕ گریی سەرەکی مەسەلەی شێوەکار، دەبێ کلیلی وەلامدانەوە بەم مەسەلانە بە دەستەوەبدا. بەلام بەهۆی نەبوونی ئەم فۆرموولبەندیە سەرەکی یە، ئەم پرسیارانە لە کۆبوونەوەکانی ئەم چەند ڕۆژانەدا بە شێوەی پرژوبلاو ونارێك وپێك درانە بەرباس. نارێك وپێك بوونی باسەکان لەوەوە سەرچاوەی دەگرت کە ئێمە هەر کاممان بەرادەی جۆراوجۆر هەندێك خالی ڕەخنەی شێوەکاری پۆپۆلیستی مان لە زەینی خۆماندا هەبوو ، بەلام هێشتا ئیمکانی ئەوەمان نەبوو کە ئەو خالانە کۆبکەینەوە سەریەك و وەك دەزگایەکی رەخنە گرانەی یەکجێ و پتەو بەیانیان بکەین، وە هێشتا بەو حوکم و فۆرموولبەندی یە بنەڕەتی یە نەگەیشتبووین کە بە قوولترین شێوەی ڕیشەی ئەو لادانانە بەیان بکەین . هەر بەم بۆنەوە پێش دەسپێکردنی باسی شێوەکار، لە قسەو باسێك دا لەگەڵ هاوڕێ حمید تەقوایی ( ت . یاشار ) من وتم کە لەناساندنی ئەم باسەدا ئێمە نابێ بەهێنانەگۆڕی فۆرموولبەندی یەکی لە پێشدا دیاریکراو، کۆنگرە بە مەرج وچوارچێوەوە ببەستینەوە، وەکاتیك هاوڕێ حەمید تەقوایی لەسەرەتای باسەکەدا زیاتر تەئکیدی لەسەر مەقوولەی ڕێکخراوچیەتی و جیایی ڕێکخراو لە چین کرد، من لەبەرانبەردا بەش بەحالی خۆم باسی" سیمای عەمەلی" کۆمۆنیستەکانم کرد و ئیشارەم بەوەکرد کە باسی شێوەکار باسێکە لە ئاستی باسی بەرنامەیی دا . بۆچی مەسەلەی ڕەوشتە عەمەلی یە کۆمۆنیستی یەکان لەنێو ئێمەدا سەری هەڵدا ؟ یەکەم شێوە پۆپۆلیستی یەکان نەك هەر لە ناو ڕێکخراوە پۆپۆلیستی یەکانی خەتی 3 دا ( ❶ ) بەڵکو ئیستا ئیتر لە ناو " اتحاد مبارزان کۆمۆنیست"یش دا،( ❷ ) دەرکەوت کە لەکردەوەدا بەناچار تووشی بن بەست دەبن، ئەمرۆ کە پراتێکی ڕۆژانەی ڕێکخراوی خۆمان لە ڕابردوودا دینینە بەرچاو، دەبینین کە لەچاو ئەو ئامانجانەی کە بۆ خۆمان دیاری کردوبوو، هەموو هەنگاویکمان وەك هەڵبەزودابەزو جموجوولێکی خەباتکارانەی سادە وساکار بوو. ئێمە دیتوومانە کە پۆپۆلیزم بەکردەوە لە هەموو لایەنەکانی دا، هەر لە ئەمنییەت و ئیدامەکاری و پەروەردە کردنی کادرەوە بگرە، هەتا تەبلیغ و تەریج و ڕێکخستنی کۆمیتە کریکاری یەکان و ڕێکخستنی ئۆرگانە سەرتاسەری یەکان و،... ڕێگای لێ بەربەست بووە. ئەم شێوەو ڕەوشتانە بەباشی نیشانیاندا بوو کە بەهیچ شێوەیەك ناتوانین ئەرکە هەمەلایەنەکانی ئێمە بەرەوپێش بەرن .

دووەم : ئێستا ئیتر بەرنامەی حزبی کۆمۆنیست لەگۆڕدایە. وە ئەمە شتێك بوو کە نەدەکرا هەروا سادەو ساکار گوێی لێ داخەی و بەکەمتەرخەمی لە پاڵیەوە تێپەڕبی . بەنارمەی حزبی کۆمۆنیست ، پێویستی بەو شێوەو ڕەشتە عەمەلی یانە هەیە کە لەگەل حزبی کۆمۆنیست بێتەوە. ئەگەر لەڕابردووا کەسانێك دەیانتوانی بەرنامەی " اتحاد مبارزان کمونیست " تەنیا وەك نووسراوێکی تەحلیلی، تەنیا وەك بەڵگەیەك بۆ تەبلیغ و تەرویج چاولێ بکەن و هەرلەم چوارچێوەیەوەدا بەرتەسکی بکەنەوە، ئێستا ئیتر بەرنامەی حزبی کۆمۆنیست داوای حزبی کۆمۆنیست و ڕیکخستنی شۆڕشی کۆمەلایەتیمان لێ دەکا. ئەو ڕاستی یە کە لەناو بەرنامەکە بوو بەبەرنامەی حزبی کۆمۆنیست ، ئاگادار کردنەوەیەك بوو بۆ هەموومان بۆ هەوڵدان لە پێناو گەیشتن بە شێوەو ڕەوشتی کۆمۆنیستی دا.

بەرنامەی حزبی کۆمۆنیست، بەو ڕەوشتە وردەبورژوایانەی کە تا ئێستا برەویان بووە، بەڕێوەناچی. کەوتە لەباری ڕەوتی مێژوویی جولانەوەی بزوتنەوەکەمانەوە، دەبووایە ئێمە سەرەتا لەباری نەزەری یەوە، پاشەکشەمان بە وردەبورژوازی کردبا، بۆ ئەوەی بتوانین بیروڕای سەربەخۆی چینی خۆمان، کە دەبێ ڕەچاوکرێن، زەق کەینەوە. بە پێشکەش کردنی بەرنامەی حزبی کۆمۆنیست ئەم کارەمان کردبوو، وە ئێستا ئیتر ڕەچاوکردنی ئەو بەرنامەیە دەکەوێتە دەستووری کارمانەوە. وە ئەمەش بەش بەحاڵی خۆی ئەو ئەرکەی دەنایە سەرشانمان کە لەکردەوەدا خۆمان لە وردەبۆرژوازی هەلاوێرین. بە ووتەیەکی تر ئێمە بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستمان وەدەست هێنابوو وئیستا ئەو پرسیارەمان دەهاتە پێش کە شێوەو ڕەوشتی ئەم حزبە کامانەن و وەدەبێ چی بن؟ لە سەرەتای باسی شێوە کاردا ئیشارەم بەو خاڵە کرد کە ئێمە خاوەنی ئەو ڕەوشتە عەمەلی یانە نین کە بۆ بەرنامەیەکی کۆمۆنیستی پێویستن و وەهەرگیز ناتوانن لێ جیابنەوە. ئامانجەکانی ئێمە وە ئەو شێوە تایبەتانەی کە بۆ بەڕێوەبردن و بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە پێویستن . هەردووکیان ئەجزای فیکری ئێمەن ، وەهەرکامەیان بەشێکن لەو دەزگا فیکری یە . وەڕەوشتە عەمەلی یەکانمان، ئەو ڕەوشتە عەمەلی یانەی کە ئامانجەکانمانیان پێی بەڕێوەدەبەین، بە قەدەر خودی ئامانجەکانمان بەڵگەی پێناسی ئێمەن و لە چینەکانی ترمان جیادەکەنەوەو ڕنگی تایبەتی چینایەتی یان هەیە. کەواتە باسی شێوە کار هەر لەبنەڕەتەوە دەبێ لە پێناو ئەوەدابێ کە ئێمە تێ بگەین شێوەکاری ڕابردومان ئەم ڕەنگە تایبەت چینایەتی یەی نەبووە و ئێمە تا ئیستا ڕەوشتی چینەکانی ترمان ڕەچاوکردوە. ئێمە بێهوودە هەوڵمانداوە بەڕەوشت و شێوەی وردەبۆرژوایی ئامانجە کۆمۆنیستی یەکانمان بەدی بێنین، لە حالەلێکدا ڕەوشتی کۆمۆنستی خۆی بەشێك لە پێناس و سیمای ئێمەیە . وادیارە هاوڕێ یان ئەو باسە دەسەلمینن کە حزبی کۆمۆنیست بەر لە هەموو شتێك بریتی یە لە هەندێك سوونەت و نەریتی خەباتکارانەی دیاریکراو کە لەبزوتنەوەی چینی کریکاردا بەدی هاتوون. بەهەمان ڕادە کە ئەم سوننەتانە هەبن، حزبیش مەوجوودییەتی هەیە. دیارە ئەم سوننەتانە نەك تەنیا لە ئامانجە بەرنامەیی یەکان دا، بەڵکو لە خەباتی کۆمۆنیستی زیندوودا، لە کادرەکاندا، لە ڕێکخراوەکاندا وە لە ڕەوشتە جێگیرکراوەکانی خەبات لە پێناوی سوسیالیزم دا، خۆدەنوینن . لێرەوە بە ڕوونی دەردەکەوێ کە لە خەبات بۆ پێك هێنانی حزبی کۆمۆنیست دا، مەسەلەی شێوە عەمەلی یە کۆمۆنیستی یەکان چەندە گرنگە . ئەگەر ئەم سوننەتانە بەگشتی لەنێوماندا زیندووبن ، ئەگەر ڕەوشتە عەمەلی یە بۆلشەویکی یەکان هەروا بناغەی کاری کۆمۆنیستەکان بن، ئەوکات تەنانەت حزبێك کە یەکجار لاوازو بێ هیزکرابێ ، حزبیك کە هەموو شانەکانی هەڵسوڕاوانی لەژێر زەخت و زۆری پۆلیس دا لە بەریەك بترازابێ وە یا حزبێك کە بۆ نموونە لە شەڕێکی درێژ خایەن دا باشترین کادرەکانی خۆی لەدەستدابێ ، هەروا وەك حزبێکی کۆمۆنیست دەمێنێتەوەو دەتوانی لەهەل و مەرجێکی لەباردا سەر لەنوێ و بەخێرایی خۆی سازبداتەوە .بەلام ئەوەی ئەمڕۆ ئێمە دیبینین و لەبەرچاومانە، حزبیکی بێ هێز نیە بەڵکو هەر لە بنەڕەتەوە دابرانێکی تەواوە لە حزبایەتی. بۆلشەویزم، دوایین جەریانی حزبی بوو لەسەر ڕێبازی مارکسیزمی شۆڕشگێر. کەلەبەرێکی قوول وە بۆشایی یەکی تەواو، لەڕابردوویەکی دوورەوە هەتا ئێستا ئێمە لە دوایین خەباتی حزبیمان لە حزبی بۆلشەویك دا، وە لە باقی ئەو حزبانەی کەڕێرەوی ڕێبازی بۆلشەویزم بوون جیا دەکاتەوە . ئێمە ئێستا خەریکی بەهێزکردنەوەو سازدانەوەو ڕێکخستنەوەی حزبێکی زەبرلێکەوتوو لاوازکراوین، بەڵکو ئەرکی زیندوو کردنەوەی حزبێکی کۆمۆنیستی ڕاستەقینەمان لەسەرشانە، بۆچی دەلیین دابران و بۆشایی یەکی تەواو، ئێمەو تەجروبەی بۆلشەویزم لێك جیادەکاتەوە ؟ چونکە سوننەت و ڕەوشتەکانی خەباتی حزبی بۆلشەویکی نەپارێزراون، وە نەکەسان و بە ڕێکخراوەکان و یاساکانی کاریان، ئەم سوننەت و ڕەوشتانەیان درێژە پێ نەداوە . لەم ڕووەوە چ لەباری نەزەری یەوە یانی لەباری ئامانج و سیاسەتەکانەوە، وە چ لەباری عەمەلی یەوە. یانی لەباری شێوەی ڕێکخستن و پراتیکی حزبی یەوە. ئەم لێك دابڕان و بۆشایی یە، لێکدابڕان و بۆشایی یەکی قەتعی و کامڵبووە. ئێمە هەر بەشێوەی ئاسایی بەکەلەپوری بزوتنەوەکەی خۆمان پشت ستوور نەبووین، ئێمە چاومان بە حزبێك وە یا بە جەریانێکی مەوجوودی بۆلشەویکی نەپشکووت. بەڵکو ئەرکی سەرشانی خۆمان بوو سەرەتا بۆلشەویزم لەباری نەزەری و عەمەلی یەوە، زیندوو کەینەوەو لە هەر دوو بارەوە بیژێنینەوە . ئێمە دەبووا هەندێك شت سەرلەنوێ بخولقینینەوە، پێشتر ووتمان کە چۆن بەرنامەی حزبی کۆمۆنیست خۆی پوختەی خەبات و بوژاندنەوەی بۆلشەویزم لە ئاستی نەزەری و بەرنامەیی دایە. ئێمە لە تیئۆری و بەرنامەدا توانیمانە ڕزیۆنیزم بەڕادەیەك لەسەر ڕێگای مارکیسزم بخەینەلاوە کە بکرێ جەریانێکی حزبی لە دەوری بەرنامەی کۆمۆنیستی پێکبێنین. بە ووتەیەکی تر "بەرنامەی حزبی کۆمۆنیست" بەڕاستی بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستە کە لە ژێر دەست و پێی ڕزیۆنیزم دەرهێنراوەیەوەو بەڵگەی سەربەخۆیی نەزەری و بەرنامەیی ئێمە لە بەرامبەر بەڕیزیۆنیزم لە هەموو شکڵە جیهانی ومحلی یەکانی دا. کەواتە مەسەلەیەك کە دەمێنێتەوە، مەسەلەی شێوە عەمەلی یەکانیانە. ئێمە ناتوانین تەنیا بە پشت ئەستووری بەرنامەی کۆمۆنیستی، بەبێ دابڕان و خۆجیاکردنەوەیەکی تەواو لەو شێوە عەمەلی یانەی کە میراتی حزبی توودەو ڕێبازی چریکی و شێوەکاری پۆپۆلیستی خەتی 3یە، کەلەبەری نیوان مارکسیزمی شۆرشگێری ئێران و بۆلشەویزم پڕکەینەوە، حزبێکی کۆمۆنیست پیکبینین، وە خەبات بە شێوەی حزبی ( کۆمۆنیستی ) لەنیو چینی کریکاردا بەرەوپێش بەرین، ئێمە دەبێ تێ بگەین کە هەر بەو ڕادەیەی جەریانی سەرەکی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران لە چوارسال لەوەپێشدا لەباری نەزەری یەوە لە کۆمۆنیزم دوور بووە، ئەمڕۆ لە کردەوەدا، لەباری شێوە عەمەلی یەکانەوە، لە کۆمۆنیزم دوورین. کۆنگرەی ئێمە ئەو باسانەی کە لەماوەی هەفتەی ڕابردودا کردویەتی، هەنگاوێکی دیاریکەری لەسەر ڕێبازی تەکامولی کۆمۆنیزمی ئێران هەڵیناوەتەوە . ئێمە جارێکی تر پشتمان بە تیئۆری لینینی تەشکیلات بەستووە. بەلام کاتێك ئەم تیئۆریە بەیان بکەینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە هیچ شتێکی تازەمان نەووتووە. مەسەلەی سەرەکی ئەوەیە کە ئێمە ئەم

ئامۆژگاری یە کۆنەی چینی خۆمان دەنیینە بەرابنەر بیروباوەڕو فۆرموولبەندی یە " تازە"کانی چینەکانی ترەوە. بۆ گەڕانەوەیەیکی ئاوا بەنرخ بۆسەر کەلە پووری لینینیزم ئەم باسانە پێویست بوون. ئەگەر چاو لەبەرنامەی خۆمان بکەین دەبینین تیئوری لینینی تەشکیلات _ لەبەندی 8 بەرنامەدا بە ڕوونی بەیان کراوەو ئێمە بەکردەوە لێی خافڵ بووین و لەبەر چاومان نەبووە، دووپا تمان کردوەتەوەو بەسەری دا بازمان داوە .

بەرنامەی ئێمە دەڵی مەرجی پێویستی دامەزراندنی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بریتی یە لەوەی حزبێکی کۆمۆنیست هەبێ کە هەموو لایەنەکانی خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریا ڕابەری بکا ، چینی کریکار لە بەرژەوەندە چینایەتی یەکەی ئاگادار بکا ، لەڕیزی سەربەخۆی چینایەتی خۆی دا ڕێکی بخا . حزبێ کە بۆ ڕێکخستنی شۆڕشی کۆمەلایەتی پرۆلیتاریا، ئەو کارە شۆڕشێگرانە پرلیتاری یەی کە لە بەرنامەی ئێمەدا باسی کراوە ، ئەو ڕێکخراوەشی دیاری کردوە کە پێویستی پێی هەیە ، واتە حزبی کۆمۆنیستی دیاری کردوە. بناغەی تیئۆری لینینی ریکخراو بریتی یە لە : دیاری کردنی ئەرکەکان و تایبەتی یەکانی ئەم حزبە بە پێی پێداویستی یەکانی شۆڕشی کۆمەلایەتی پرلیتاریا . باشە ئێمە لەچی دەگەرین ؟ ئەرکی دەست بەجێمان ئەوە بوو کەڕێکخراوێك پێکبێنین کە خاوەنی ئەم تایبەتی یانەبێ، وە ئەو ئەرکانە بخەینە سەرشانی کە لە بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستدا باسیان کراوە. ئێستا پاش چەند مانگ سەرئالۆزی و پاش چەندو ڕۆژ قسەوباس لێکردن، تازە گەیشتووینە شوێنێك کە لەبەرنامەدا بەڕوونی بەیان کرابوو. بەلام هەموو گرنگی مەسەلەکە لەوەدایە کە ئەمجارە ئێمە بە ڕەخنەگرتن لەسەرتا پای ئەو دەزگا فکیری یە پۆپۆلیستی یە، ئەم خاڵەمان بە قووڵی دەرك پێ کردوە. باسی حزب و تایبەتی یەکانی وئەرکەکانی، پێشتر لە بەرنامەی " اتحادی مبارزان کمونیست "یشدا هاتبووە گۆڕ. بەلام گیروگرفتەکە لەوەدا بوو کە پێمان وابوو نەك تەنیا خۆمان بەڵکو لایەنی کەم خەتی 3یش ئەم باسە تێ دەگەن. بەلام وانەبوو ، هەروەك ئێستا پاش باسەکانی ئەم کۆنگرەیە ڕوون بووتەوە، ئەم تێگەشتنە، تێ گەشتنێکی قووڵ نەبووەو کاری نەکردبووە سەر پراتیکی ڕێکخراوەیی ئێمە ( جا چ بگاتە خەتی 3 ) . بەلام ئێستا باسەکە بە کوێ گەیشتووە ؟ من باسەکانی پێشوو دووپات ناکەمەوەو تەنیا باسی ئەوە دەکەم کە چۆن ئەلقەی سەرەکی باسی شێوەکار دوزرایەوە .

هاوڕێ حمیدی تەقوایی ( ت . یەشار ) لە دوایین نۆرەی قسەکانی دا دیسانەوە دووپاتی کردوە کە بەبڕوای ئەو تەشکیلاتچیەتی و جیایی ڕێکخراو لەچین و لە پێشرەوانی چین ( واتە سکتاریزم بە مانای گشتی خۆی ) ئەڵقەی سەرەکی یە لە ڕەخنەگرتن لە شێوەکاری پۆپۆلیستی دا، وە لەسەر ئەوە بڕوایەیە کە بەم فۆرموولبەندی یە سەرەکی یە دەکرێ شوێنەواری نموونە جۆراوجۆرەکان ئەو ڕەوشتانە ڕوون کەیتەوە. ئەو فۆرموولبەندیەی کە هاوڕێ حمید پێشکەشی کرد زۆر سەرنج ڕاکێش بوو . هاوڕێ حمید ووتی ئەگەر بمانەوێ تایبەتی سەرەکی شێوە کاری پۆپۆلیستی بە قووڵترین شێوە بەیان بکەین دەبێ بڵێین ئەو تایبەتی یە بریتی یە لە " نایبی جەماوەر بوون لە کاروباری شۆڕش دا " ، وە ئەم تایبەتی یە، خەسڵەتێکی وردەبۆرژوایی بەو شێوەکارە دەبەخشێ، وە ئەمە قووڵترین بەیانی ڕەخنەی ئێمەیە بەرانبەر بە ڕەوشتە پۆپۆلیستی یەکان . بەلام ئەگەر زیاتر لەو ووتەیە واتە نایبی جەماوەربوون لەکاروباری شۆڕش دا " وردبینەوە و قوولترین تێی فکرین ، تایبەتی یەکی زەقی پۆپۆلیستی تیدا بەدی دەکەین . نایبی کام جەماوەرو لەکاروباری کام شۆڕش دا ؟ ئایا ئەو تایبەتی یە کە کاری عەمەلی تەشکیلاتی کۆمۆنیستی ﴿ لەباقی شێوەکان ﴾ جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە " نایبی جەماوەر لەباروباری شۆرش دا " نیە ؟ لێرەدا چ شۆڕشێك مەبەستەو پۆپۆیستەکان نایبی کام جەماوەربوون ؟ لەم فۆرموولبەندی یەدا بە شێوەیی موشەخەس شۆڕشێك بەبێ ناوەڕۆکی چینایەتی باسی کراوەو هەربەم سیمایەوە خۆدەنوێنی، کلیلی ڕەخنەگرتن لە شێوەکاری پۆپۆلیستی لەوەدایە کە ئەم فۆرموولبەندیە بدەیتە بەر ڕەخنەو لێی واوەتر بچی، لێرەدا شۆڕشگیریەتی ئێمە بەشێوەی ناڕەخنەگرانە لەگەل شۆڕشگێریەتی جەماوەر بەگشتی وە یا بە ووتەیەکی تر لەگەل شۆڕشگێریەتی وەردەبوژوایی بەیەکسان دادەنرێن. لەم فۆرموولبەندی یەدا ، جیاوازی نیوان ئیمەو پۆپۆلیستەکان لەکاروباری تەشکیلاتی دا ، تەنیا لەوەندەدا خۆلاسە دەکرێتەوە کە گوایە پۆپۆلیستەکان لەم " شۆڕش"ەدا خۆیان دەکەن بە نایبی "جەماوەر " بەلام دەبێ ئێمە جەماوەری خۆی بینینە مەیدان. لەم فۆرموولبەندیەدا ، ئەو "شۆڕشە"ی کە مەبەستی ئێمەیەو هەروەها شۆڕشگێریەتی ئێمە لە شۆڕشگێریەتی "جەماوەر" وردەبورژواکان جیا ناکریتەوە . بەلام قسەکە ڕێك هەر لەسەر ئەویە کە ئێمەی کۆمۆنیست ڕێکخراوێك پێك دینین بۆ بەئەنجام گەیاندنی شۆڕشیکی دیاریکراو واتە: شۆڕشی پرۆلیتەری، ڕێکخستنی کاری شۆڕشگێرانە ئەرکی هەموو ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی یە. ڕێکخراویی شۆڕشگێر خۆی ڕێکخراوێکە کە کاری شۆڕشگێرانەی جەماورێکی دیاریکراو ڕێك بخاو ڕابەریەتی دەکا، ڕێکخراویکە کە ڕێکخستنی شۆڕشی مەبەستە. ئێمە لە بەرنامەکەمان دا وتوومانە کە دەمانەوێ تەشکیلاتیك دروست بکەین کە ڕێکخستن و ڕابەری کردنی شۆڕشیك بگرێتە ئەستۆ . بەلام ئەمە چ شۆڕشێکە دیارە ، مەبەست شۆڕشی کۆمەلایەتی پرۆلیتاریایە کەوایە قسە لەسەر ئەوە نی یە کە ئایا ئێمە وەك ریکخراوێك دەبینە نایبی جەماوەر لە کاروباری شۆڕش دا " یان نابین ، بەڵکو قسەکە ڕێك لەسەر ئەوەی کە کام شۆڕش دەبی فەلسەفەی بوونی ڕێکخراوی ئێمە یانی تەشکیلاتیکی کۆمۆنیستی بێ ، وە تایبەتی یە عەمەلی یەکانی کاری تەشکیلاتی ئێمە یانی ریکخراوی کۆمۆنیستی بێ، وە تایبەتی عەمەلی یەکانی کاری تەشکیلاتی ئێمە دەبێ بەر لە هەموو شتێك لەگەل نیازی پێویستی یەکانی کام شۆڕش بگونجێ و بۆ کام شۆڕش دیاری بکرێ . چۆن ئێمە کە بەدرێژای خەباتی ئیدۆلۆژیکی تا ئێستامان ، شۆڕشگێریەتی وردەبۆرژوای یمان لەلایەنە جۆروجۆرەکانی دا داوەتەوە بەر ڕەخنەو لەبەرامبەری دا هەمیشە پێمان لەسەر شۆڕشگیریەتی سۆسیالیستی پرۆلیتاریا داگرتووە، ئێستا کە دێین بناغەکانی کاری تەشکیلاتی بەیان بکەین، هەر ئەو ڕەوتە ڕەخنەگرانەیە درێژە پێ نادەین و دیسانەوە بە شێوەیەکی ناڕەخنەگرنە باسی " شۆڕش" بەگشتی دەکەین، باسی ناوەڕۆکەکەی ناکەین ولای خۆمان وای دادەنین کە مەبەست ناوەڕۆکێکی دیاریکراوەو قسەکە دەبەینە سەر نایب بوون یان نایب نەبوون ؟ چۆن ئێمە کە لەمەوبەر بناغەکانی شۆڕشگێریەتی یە وردەبۆرژوایی مان هەر لە فەلسەفەوە هەتا ئابووری وسیاسەت ناسیوەو شیمان کردوەتەوە، وەپەردەمان لەسەر ئەوە لاداوە کە ئەم شۆڕشگێریەتی یە وردەبورژوایی یە لەچوارچێوەی خەباتی سەروچینایەتی " دژ بە رژێم" دا قەتیس ماوە، ئێستا کە دیینە سەرباسی تیئۆری تەشکیلات، دیسانەوە تەشکیلات لە" شۆڕش "بەگشتی هەڵدەپیچین وە ناوەڕۆکی شۆڕشێك کە دەبێ فەلسەفەی بوونی تەشکیلاتی ئێمە ڕێکخستنی ئەو شۆڕشە بێ، دیاری ناکەین ؟ بۆچی تەنیا هەر ئەوەندە قەناعەت دەکەین کەبڵێین نابی " نایبی جەماوەر لە کاروباری شۆڕش دا " بین ؟ لێرەدا ئەو ناڕۆشنی یەی کە لە

فۆرمووڵبەندی مەسەلەکەدا بوومان بەتەواوی لەناودەچی : دەبی لە ڕوانگەی ڕێکخستنی شۆڕشی پڕۆلیتەری یەوە بۆ باسی شێوەکاریش بچین. ئێمە تەشکیلاتی خۆمان بۆ ئەوە دەویٚ کە شۆڕشێکی دیاریکراو، واتە شۆڕشی سۆسیالیستی پڕۆلیتاریا ریك بخا. وە ئەمە تایبەمەندیەی کانی ڕەوشتە عەمەلی یەکانمان دیاری دەکا تەبلیغی ئێمە، تەرویجی ئێمەو ڕێکخستنی ئێمە جگە لە ئامادەکردنی پڕۆلیتاریا بۆ بەرێوەبردنی شۆڕشی کۆمەلایەتی هیچ ئامانج و مەبەستێکی تری نیە. باقی شۆڕشەکان لەبەر تیشکی ئەم ئامانجە بنەڕەتی یەدا جیٚ و شوێنیان بۆ دیاری دەکریٚ . ئەمانە بەڕوونی لەبەرنامەی ئێستەمان کراون . وە تەنانەت لەسەروتاری " بسوی سوسیالیزم ی ژمارە 2"دا تەئکیدیمان لەسەر ئەم مەسەلەیە کردبوو. ئێمە وتبوومان کە سازمانی کۆمۆنیستی حزبی کۆمۆنیست ئامرازێکە بۆ لەناوبردن و سڕینەوەی دوو بەرەکاتی و پرژوبلاوی لە ڕیزەکانی چینی کریکار، ئاگادارکردنی ئەو چینە لەبەرژەوەندی سەربەخۆی خۆی . وەڕێکخستنی بە تاییەت لە حیزبی سیاسی چینایەتی خۆی دا. وە بەسەرەئەنجام گەیاندنی شۆڕشی کۆمەلایەتی کۆلەکەی سەرەکی تیئۆری لینینی تەشکیلاتیش هەر ئەمەیە. وە ئیمە بەشێوەیەکی چەوت بۆ دۆزینەوەی تیئۆری تەشکیلات ڕووی سەرنجی خۆمان کردبووە لایەنە تکنیکی یەکانی کاری تەشکیلاتی، وە شیوەیەکانی تەبلیغ وتەرویج و ریکخستن، وە هەر لەم چوارچیوەیەدا بەشوینی دا دەگەرین. ئێمە لە بیرمان چووبووەوە کە تیئۆری تەشکیلات بەهەرحال خۆی تیئۆری یەکەو کەوایە وەك تیئۆری یەك دەبی سەرەتا ڕوونی بکاتەوە تەشکیلات بۆچی پێویستە. بۆچی تەشکیلاتی کۆمۆنیستی پێویستە ؟ ئەمە یەکەمین پرسیارە لە تیئۆری تەشکیلات دا . ئەگەر ئێمە بەباشی ئەو پیویستی یە ماددی وکۆمەلایەتی یە بناسین کە بوون و وجوودی تەشکیلات لیٚ یەوە سەرچاوە دەگری .ئەو کات دەتوانین بە ڕوونی ئەو تاییەتی یانەش دیاری بکەین کە ئەم تەشکیلاتە بۆ وەلامدانەوە بەو پویستی یانە دەبیٚ بیبیٚ . ئەگەر مەبەستی کەسیك ئەوە بیٚ کە شۆڕشی پڕۆلیتەری ڕێك بخا، دیارە ئەو تەشکیلاتەی دروستی دەکا دەبیٚ وەلامدەرەوەی پیویستی یەکانی ئەو شۆڕشەبیٚ، یانی چینی کریکار بۆ ئەم شۆڕشە ریك بخا . بابەتی کاری ئێمە ، ناوەڕۆکی کارمان و شێوەو ڕەوشتمان هەر لە ڕووی ئەم مەبەست و ئامانجەوە دیاری دەکرین. بەلام گرێی کارەکە لەوەدا بوو کە ئێمە سەرەرای ئەوەی خاوەنی بیروڕای ڕوون و ڕاشکاوی بەرنامەیی بووین، لەو جیٚگایەی گەشتینە مەسەلەی تەشکیلات، بەکردەوە شۆڕشگێریەتی خۆمان هەتا ڕادەی وردەبۆرژوای هێنانە خوارو دامان شکاند. باسی شۆڕشی پیویستی ڕێکخستنی شۆڕشمان کرد. بەلام ڕوونمان نەکردەوە کە پێویستی ڕێکخراوی ئێمە بەتاییەت و بەشێوەی موشەخەس لە کام شۆڕشەوە سەرچاوە دەگریٚ . ئێمە لەکردەوەدا، شۆڕشی کۆمەلایەتی پڕۆلیتاریامان لەگەل ئەو شۆڕشەی کە بالفعل بە بەرچاومانەوە بوو، شۆڕشێکی بالفعل کە قۆناغێك یاخۆ برگەیەکە لە شۆڕشی کۆمەلایەتی پرولیتاریا بەیەك شت دانابوو . ئێمە لەڕووی پێویستی " شۆڕش " ەوە بە پێویستی ڕێکخراوی خۆمان گەیشتین، وە نامانە پیناو " شۆڕش" بەلام لەو جیٚگایەی باسی ئەرکە تەشکیلاتی یەکانمان دەهاتەگۆڕ، وامان دادەنا کە ئەو شۆڕشە وا فەلسەفەی وجوودی ڕێکخراوبوونی ئێمەی کۆمۆنیستە، هەر ئەو شۆڕشە بالفعلەیە کە لە مەیدان دایە، وە لەمە واوەتر نەچووین. کەوایە جیاوازی نێوان ئێمەو ڕێکخراوە وردەبۆرژوای یەکانی وەك فیدایی و پەیکارو.... بەکردەوە لە وەدا خولاسە کرابووە کە ئێمە بۆ نموونە بۆ ئەم شۆڕشە بەرنامەیەکی هەمە لایەنەمان هەبوو، بەلام ئەوان هەر لە بنەڕەتەوە تەنانەت شۆڕشە بالفعەکەشیان لە خەباتی " دژی ڕژیم"دا خۆلاسە دەکردەوە. مەفهومی وەك " هێزی شۆڕشکیر " ، " کاری شۆڕشگێرانە" و " ڕێکخراوی شۆڕشگێر" و ئەم جۆرە شتانە. بەپێی ئەم شۆڕشەو تەنیا بە پێوانەی ئەم شۆڕشە دیاری دەکران. لێرەدا تەنانەت شۆڕشگێریەتی ئێمە دەنرایە گرەوی وجوودی شۆڕشێکی بالفعلەوە، ئایا بەڕاستی ئەگەر " نایبی جەماوەربوون لەگارو باری شۆڕش دا " مەسەلەی ئێمەیە، ئەگەر هات و سەردەمێك شۆڕشێك لەئارادا نەبوو، ئەوکات ئیتر ئێمە شۆڕشگێڕین ؟ ئایا ئێمە کە زیاتر لە 120 ساڵ لەمەو بەروە خەریکی ڕێکخستنی شۆڕشی کۆمەلایەتی پڕۆلیتاریا نەبووین وەبەم پیٚ یە کاری شۆڕشگێرانەمان نەکردوە ؟ باشە ئەوکارە شۆڕشگێرانەیە چی یە کە مارکس و لینین و ئێمە و دەیان شانەو ڕێکخراوی کۆمۆنیستی لێك هەڵدەپێکی و لەکەل یەکتر پەیوەندماندەدا ؟ ئایا لایەنی هاوبەشی هەموومان، خەسلەتی شۆڕشگێرانەی هەموومان . جگە لەبەشداری کردنمان لە ڕێکخستنی شۆڕشی کۆمەلایەتی پڕۆلیتاریادا، شتێکی ترە ؟ گریٚ ی سەرەکی مەسەلەکە لەوەدابوو کە تەشکیلاتمان لەسیاسەت هەلنەهینجا . یان بە ووتەیەکی ڕونتر، جولانەوەی تەشکیلاتی خۆمان نەهێنابووە ژێرچاودێری سیاسەتی ڕاگەیەندراو بنەڕەتیمان. ئەم سیاسەتە بنەرەتی یە، یانی خەبات بۆ ڕێکخستنی شۆڕشی کۆمەلایەتی، خەبات بۆ سوسیالیزیمان بە سیاسەت وخەباتێکی زیندوو دەم و دەست نەدزانی، وە ئامانجە سۆسیالیستی یەکانی خۆمان لە کردەوەدا، وە بە مانای پراتیکی ووشەکە، وەك ئامانجێکی شۆڕشگێڕانەو دەست بەجی نەنابووە دەستووری خۆمانەوە. ئێمە شۆڕش مان تەنیا بەو شۆڕشە دەزانی کە لە ئارادبوو، وە دیارە مۆری سەنگ و سووکی یەکی دیاریکراوی هێزە چینایەتی یەکانی پێوەبووە، ئێمە وامان چاو لەمەسەلەکە نەدەکرد کە شۆڕشگێریەتی مان و ئەوکارە شۆڕشگێرانەی کە هەمیشە لە ئەستۆمانە، بەبونەی ئەو شۆڕشە کۆمەلایەتی یەوە بە کە نزیکەی سەد ساڵە کاتی گەیشتووە. وە لەو شۆڕشەوە سەرچاوەی دەگریٚ کە نزیکەی سەدەیەکە ئیشی دەست بەجیی ئێمەیە. بەڵکو لامان وابوو شۆڕشگێڕیەتیمان وکاری شۆڕشگێرانەکان لەپەیوەند لەگەل شۆڕشگێڕیەتی یەك دایە کە بە شۆڕشێکی بالفعل دا وزیندووەوە بەندە. کاری شۆڕشگێرانە بەلای ئێمەوە تەنیا لەپەیوەند لەگەل شۆڕشێکی بالفعل دا مانای دەبەخشیٚ و هەر بەم بۆنەوە کاتێك دەستمان دەدایە ڕێکخستنی کاری شۆڕشگێڕانە ( یانی کاتێك تەشکیلاتێکی شۆڕشگێرانەمان پێك دەهێنا ) ڕێخستنی شۆڕشی پرۆلیتاری بە گشتی مان لەبەرچانەبوو . بەڵکو تەنیا ڕێکخستنی ئەو شۆڕشە دیموکراتیکەمان لەبەرچاووبوو کە لەئیران لەئازادا بووە.

بەلی ! ئێمە تەشکیلاتێکمان پێك هێنا بۆ ڕێکخستنی کاروباری شۆڕش . لەم ڕێگایەدا کوڵنەدەرانە هەوڵماندا و گیان بازیمان کرد بەلام ئەوە " کاروباری شۆڕش" ە، تەنیا بریتی بوو لە کاروباری شۆڕشێکی دیاریکراو و بالفعل، شۆڕشێك کە ڕاستەخۆ شۆڕشی کۆمەلایەتی پرۆلیتاریا نەبوو، شۆڕشێك کە بناغەکەی بە تاییەتی لە پرۆلیتاریاو ئامانجە سۆسیالیستی یەکانی پیك نەهاتبوو، بەلکو لە چینە جۆراوجۆرەکان و ئامانجە دیموکراتیکە هاوبەشەکانیان پێك هاتبوو. خالی سەرەکی لێرەدا بوو کە ئێمە خۆمان لە کردەوەدا مەسەلەییە شۆڕشی پرلیتریمان وەك مەسەلەیەکی واقعی و هەمیشەیی ، وە بەم بوونەوە دەستبەجی، بەومانایە کە لینین باسی گەیشتنی سەردمی ئەو شۆرشە دەکا ( وە بۆ ئێمە ئیتر لە مێژە سەردەمی گەیشتووە ) لەبەرچاو نەگرت ئیشی هەمیشەیی ئیشێکە کە هەمیشە دەست بەجی و دەم ودەستە. واتە هەمیشە و لە هەموو حالێکدا دەبیٚ دەست بەجیٚ دەستی بدەیتیٚ. شۆڕشی پرۆلیتەری بۆ ئێمە دەبووا جیٚگاوشونێکی ئاوای

هەبی، بەلام شۆڕشێك كە بالفعل لە ئارادە بوو ئێمەی بەجۆرێك خەریكی خۆی كردبوو كە هەر لە بنەڕەتەوە لە پەیوەند لەگەل ئەو شوڕشەدا لە مەقوولەی شۆڕش وشۆڕشگێریەتی دەگەیشتین، وە بەم بۆنەوە هەموو هێزێكی كۆمەلایەتی _چینایەتیمان تەنیا بەرەو ئەو شۆڕشە دەبرد، جا چ خۆمان بوباین بە نایبی ئەو هێزەو چ خۆیمان بانگەواز كردبا ( كە بە هەردوو بارەكەیدا بۆی چووبووین ). چ لەو جێگایەی بە سۆراخی چینی كریكارەوە نەچووین و كاری ڕاستەخۆی خۆمان، ئاكسیونی خۆمان وهێزی ڕێكخراوی خۆمان لە جێگای دانا، وە چ لەو جێگایەی كە ڕوومان كردوە جەماوەری ئەوچینەو بانگەوازمان كرد كاری شۆڕشێگڕانە، لە هەموو ئەم حالەتانە دا، ئەو كارە شۆڕشگێرانەیەی وا لەبەرچاومان بوو، كارێك بوو تەنیا پەیوەندی بە شۆڕشێكی بالفعل و زیندووەوە وە هەبوو، نەك بەشۆڕشێكەوە كە دەبێ لە نێو دڵی ئەم شۆڕشە بالفعەوە، وە لە پێكدادانی ئەم شەپۆلە چینایەتی یەیانەدا، لەدایك بێ. لەسەرئەوە تەئكید دەكەمەوە كە ئەم شۆڕشەی ئێستا لە ئیران لە ئارادایە، شۆڕشێكی ڕاستەقینەیە، گرنگترین ئاڵ و گۆڕی مێژووی ئەم سەردەمەی ئیران و خۆشەویست ترین ڕووداوی مێژوویی یە بۆ پرلیتاریای ئیران وئێمەی كۆمۆنیست. وە دەبێ پەرەی پیێ بدرێ وقوول كرێتەوەو پێشڕەوانی كۆمۆنیستی چینی كریكار ڕابەری یەكەی بەدەسەتەوە بگرن . بەلام ئەگەر شۆڕش و شۆڕشگێریەتی تەنیا لە شۆڕشێكی بالفل دابیبنی و لە وەلامدانەوە بە پێویستی یە قوناغی یەكانی ئەم شۆڕشەدا خۆلاسەی بكەینەوە. ئەمە مەترسی یەكە كە لەسەردەمی شۆڕشكێڕانەدا هەڕەشە لە هەموو حزبە كۆمۆنیستەكان دەكا. ئێمە وامان كرد، ئێمە لە كاری ڕێكخراوەیی دا كەوتینە شۆین شۆڕشێك كە بە هۆی تایبەتی یە خۆی وبابەتی یەكانی لە شكلی ڕاستەوخۆیدا، ناوەڕۆكێكی بەرتەسكتر لەو شوڕشە كۆمەلایەتی یەی هەبوو كە فەلسەفەی وجوودی ئێمەیە. ئەم شۆێن كەوتوویی یە عەمەلی یە بوو بەهۆی ئەوەی ئێمە تەنانەت نەتوانین لە هیزی ئەم شۆڕشە بۆ نزیكتر كردنەوەی ئەو شۆڕشە، كەلكێكی ئەوتۆ وەربگرین . پێشتر وەبەتایبەت هەر لەم كۆنگرەیەدا، گەلێك جار لەسەر ئەوە ڕۆیشتین كە نابی سۆسیالیزم و خەباتی سۆسیالیستی لە چوارچیوەی تەرویج و شیكردنەوەی نووسراوە كلاسیكە ماركسیتی یەكان دا بەرتەسك كریتەوە. بەلام بە ڕاستی بۆچی بەلای ئەوەدا نەچووین كە سۆسیالیزم بەمانای عەمەلی یەكەی، شۆڕشمان وەبیربینیتەوە. كە سۆسیالیزم هاوتایە لەگەل شۆڕشی سوسیالیستی، وە بۆچی شۆڕشی سوسیالیستی، بەمانای ڕاستەقینەی ووشەكە وەك ئیشێك كە دەبێ دەست بەجێ هەنگاوی بۆ هەلگری چاوی لێ نەدەكرا ؟ هەروەك باسیم كرد هۆیەكەی ئەوە بوو كە كاتێك مەسەلەكە لە باری عەمەلی و تەشكیلاتی یەوە دەهاتە گۆر، بەكردەوە ڕەخنەگرتن لە شۆڕشێگریەتی وردەبورژوازی مانە وەلا دەنا . ئێمە لەباری نەزەری و سیاسی یەوە، لە روانگەی پرۆلیتری یەوە بەتەواوی شۆڕشگپڕیەتی وردەبۆرژوا یمان دابووە بەر ڕەخنە. بەلام بەكردەوە مەقوولەی كاری شۆڕشگێڕانەمان لە چوارچێوەی مانای وردەبۆرژوایی ئەو مەقوولەیەدا، بەرتەسك كردەوە. بیروڕاو بەرنامەی ئێمە، بەڕوونی ئێمەیان لەسۆسیالیزم وشۆڕشگێڕیەتی وردەبۆرژوایی جیادەكردەوەو سنووریكی ڕۆشنیان لەم نێوەدا دەكێشا، بەلام لە كردەوەدا تیئۆری وردەبورژوایی تەشكیلات، لە خۆوە جێگای تیئۆری لینینی تەشكیلاتی دەگرتەوە. ئێمە لەسەروتاری " بسوی سیسیالیزم"ی ژمارە 2دا وە لەوتارو نووسراوەی جۆراوجۆری دیكەدا، ئەم ڕاستی یەمان ئاشكرا كردبوو كە پۆپۆلیستەكان و وردەبورژواكان، لە ڕووی پێویستی یەكانی بزوتنەوەیەكی دیموكراتیكەوە لە پێویست بوونی حیزبی كۆمۆنیست دەگەن، ئێمە لە بەرنامەی " اتحاد مبارزان كمونیست "دا وە پاشان لەبەرنامەی حیزب دا حوكمی بنەڕەتی تیئۆری لینینی تەشكیلاتمان بەروونی راگەیاندن. بەلام لە كردەوەدا ئەم حكومە ئوسوولی یانەمان نایەلاوەو (اتحاد مبارزان كمونیست)و هەموو تاكە ڕێكخراوێكی كۆمۆنیستی دیكەمان، بە سەنگی پێویستی یەكانی بزووتنەوەیەكی دیموكراتیك هەلسەنگاندو بەراوردمان كردن. یانی شكلی تەبلیخ ، تەرویج، ڕێكخستن، ئەركەكانی ناوخۆی تەشكیلات و بە گشتی پراتیكی ڕێكخراوەیی مان بەجۆرێك دیاری كردبوو وە نابوومانە بەرپێی خۆمان كە تەنیا وەلامدەرەوەی كاروباری شۆڕشێكی دیموكراتیكی زیندووبوون. بەم جۆرە ئاشكرایە كە بە تەشكیلاتێكەوە كە تەنیا لە پیناو شۆڕشگێڕیەتی بەرتەسكی دیموكراتیك دایەو لەو چوارچێوەیەدا خۆی بەستووەتەوە، ناكرێ ئامانج و بەرنامەی سوسیالیستی بەڕێوەبەری. ئەم جۆرە تەشكیلاتە ئامڕازیك نیە كە بۆ ئەو ئامانج ومەبەستە دروست كرابی، تەشكیلاتێك كە بە كردەوە لەسەر ئەو بنچینەیە دامەزراوە كە هەموو توێژەكانی خەلك. بەخوێندكارو كاسب كارو مووچەخۆر و كریكارو .... ەوە بۆ وەدی هێنانی جمهوری شۆڕشگێر كۆ بكاتەوەو ڕیكیان بخا، ئەگەریش بەڕاستی بە.....نایبی جەماوەریی، چۆن دەتوانی ئامڕزێك بی بۆ ڕێكخستنی شۆڕشی كۆمەلایەتی پرۆلیتاریا ؟ دیارە چینی كریكار نابێتە بابەتی سەرەكی تەشكیلاتی ئاوا، دیارە پشت بە شانەی حیزبی نابەستێ، دیارە دەبێ خۆی پێوە ماندووكەی بۆ ئەوەی بەرنامەی حیزبی كۆمۆنیست بكاتە بناغەو بنچینەی هەڵسووڕانی ڕۆژانەی ڕێكخراوەیی وتەبلیخ وتەرویجی خۆی ، دیارە بە بۆچوونێكی ئاكادمیستی یەوە چاو لەتەرویجی بەرنامە دەكا. بەلای تەشكیلاتیكەوە كە شێوەكاری پۆپۆلیستی هەیە، سوسیالیزم دەبێتە شتێكی موجەرەد، وەكاری شۆڕشگێڕانە دیموكراتیك بە تاقە كاری ڕاستەقینەی حساب دەكرێ . بی گومان تەشكیلاتێكی ئاوا سوسیالیزم بەتەواوی لەبیرناباتەوە، بەلام تەنیا وەك شتێكی " تەرویجی" چاوی لێ دەكات. هەر بەو مانا ئاكادمیكەی كە پێشتر باسم كرد ، تەشكیلاتێكی لەم چەشنە بە كۆمەلانی كریكار دەڵی: " سیوسیالیزم بزانە " ، " چەوسانەوە بناسە " بەلام لەدژی ڕژێم خەبات بكە، " وشیاری یەكەت سوسیالیستی بێ و كارەكەت شۆڕشگێڕانە0 دیموكراتیك بێ " ئەم جۆرە تەشكیلاتە لە ئاستی وشیاركردنەوەدا ( ئەویش لەباشترین حالەتی خۆیدا ) باسی سوسیالیزم دەكا، بەلام لە مەیدانی كاری ڕاستەوخۆدا، لە ئاستی كاری شۆڕشگرانەدا، دیموكراتیزو، وە تەنیا دیموكراتیزم بەریوە دەبا تەشكیلاتیكی لەم شەنە بەناچاری بەرایەكڵ و پۆیەكی گشتی و ناچینایەتی تەنراوەو شێوەو رەوشتی وا ڕچاو دەكا كە لەگەل كاری شۆڕشگیرانەدا دیموكراتیك بیتەوە. بەلام دەشی لە ئاستی ریبەرایەتی دا وە لە بلاكراوەی سیاسی تیئۆری دا باسی سیوسیالیزم بكا . ئەمە ئەو تایبەتی یە سەرەكی یەی شیوە كاری وردەبۆرژوای یە كە ئەو ریكخراوانەش وا غەیری سكتاریستن وخاوەنی نفووزی جەماوەرین وهەر ئەم تایبەتی یەیان هەیە. فۆرموولبەندیەكەی هاوڕێ حمیدیی تەقوای یانی جیایی ریكخراوە لەجەماوەر وە یا بوون بە نایبی جەماوەر ، كاتیك باسی ریكخراویكی وەك كۆمەلە دەكەین كە خاوەنی نفووزی جەماوەری یە، ئیتر كەلكی خۆی لە دەست دەدات، مەسەلەی سەرەكی لەوەدایە كە ئەم جۆرە ریكخراوانەش تەنانەت كاتیك خودی جەماور دینەمەیدان، كاریكی شۆڕشیگرانەی دیاریكراو دەنبنە بەرپیی ئەوان و ڕێكی دەخەن كە تەنیا چوارچیوەی شۆرش و بزوتنەوەیەكی بالفل و زیندووی لەبەرچاوە بەهیچ شیوەیەك لەم چوارچیوەیە واوەتر ناچی . شۆرش و بزووتنەوەیەك كە بەشیوەی موشەخەس راستەوخۆ سیوسیالیستی نیەو خاوەنی تایبەتی یەكی گشتی

دیموکراتیکه. بۆچوونی پۆپۆلیستی له زەمینەی تەشکیلات دا له دروست کردنی تەشکیلاتی شۆرشگیر بۆ ریکخستنی شۆڕی کۆمەلایەتی پرۆلییتاریا ، خۆ لادەدا ، چونکه هەر لەبنەرەتەوه ئەم کاره به منای هەست پیکراو عەینی وشەکە، بەکاری شۆرشکیرانه نازانی، وەبەم بۆنەوه هەرکەس بەخیرایی و دەست بەجی خوازیاری ریکخستنی چینی کریکارو له حزبی سەربەخۆی چینایەتی خۆیدابی، هەرکەس ئاگادارکردنی پرولیتاریا له بەرژەوەندی سەربەخۆی چینایەتی یەکەی وەك ئەرکی هەره پیویست و هەموو رۆژەی ریکخراوەیی چاولی بکا و پیی لەسەر دابگری، لەلایەن پۆپۆلیزمەوه ئەم وەلامەی پێ دەدریتەوه که ئەمەکاری ئارامی سیاسی یه " ! جیگای سەرسوورمانه که ریکخستنی شۆرشی کۆمەیەتی پرلیتاریا و بەدەستەوەگرتنی دەستەلاتی سیاسی _ واته ئیشیکك که دەیان ساله وەدرنگ کەوتووه و کەوتووەته دواوه پێی بگوترێ " کاری ئارامی سیاسی"! نموونەیەکی تر له بەرنگاربوونەوەی پۆپۆلیستی بەرابنەر بەرەچاوکردنی شیوەکاری کۆمۆنیستی ئەوەیه که هەرکەس پێ لەسەر ئەوه داگرێ کەکاری سۆسیالیستی ( به تەبلیغ و تەرویج و ریکخستنی سوسیالیستی چینی کریکارەوه ) بەخیرای ودەست بەجێ دەستی بدریتی، پێی دەوتری ولونتاریست وئیرادەگەرا. کاری سوسیالیستی بەی پۆپۆلییستەکانەوه ، سەرەرای هەموو ئیددیعاکانیان ، سەرئه نجکام دەنریته گرەوی پلەیەك له گەشەی بزوتنەوەی خۆرسکی چینی کریکارەوەو پیوەی دەبەستریتەوه. لەم بۆچوونەدا، بزووتنەوەی سوسیالیستی وەك بزەوتنەوەی <u>چینی کریکار</u> چاوی بلی ناکرێ ، و تەنیا دەبیته بەرەی موخالیفی بزووتنەوەی " خۆرسك" لیرەدا ئەو راستی یه فەرامۆش دەکرێ که بزووتنەوەی " خۆرسك "ی پرلیتاریا هەرچەندیش خۆرسك و لەخۆوه هەلگیرساوبێ، خۆسەرکیشی و سەربزیوی کویلان نی یه! ئەمه بزوتنەوەی چینیکه که لەهەر قوناغیکدا لەسەر زەمینەی ئەو بیروڕایانەی وا هەن و له گۆڕێ دان، بەشکل و شیوەی سەرەتایی دەبزوێ و جوله دەکاو دەکەویته ڕێ. بەلام کوا کۆپی بزوتنەوەی سەندیکایی بۆ نموونه له ئینگلستان ، خۆرسکه ؟ لەوێ بزووتنەوەی سەندیکایی دەفتەرو دام و دەزگاو بنکەو یانەو راویژکارو تیئۆریسیەنی زۆری هەیه، زۆرجار، شەریك و هاودەستی دەولەت لەبەرو پیش بردنی بەرنامەی ئابووری یەکان ، بەم حالەشەوه کۆمۆنیستەکانی ئیران بەبێ ئەوەی هیچ بیری لێ بکەنەوه تییفکرن پیی دەلین بزوتنەوه " خۆرسك "ی چینی کریکار. دەڵی چینی کریکار مەوجوودیەتیکی تەنیا میللی وکیشوەری یه، وه چینی کریکاری ئیران هەر ئەمرۆ له دایك بووه، سەرلەنوێ و لەسفرەوه بیروڕای ناوخۆی دادەرژیتەوەو بەم بۆنەوه سەندیکالیزمەکەشی بەناچاری مەیلی " خۆرسکی "ی ئەو چینەیه. دەلێی چوونکه ئیمه نەمان دیتووه که مارکس وئینگلیز ولینین خۆیان هابنیتنه ناو چینی کریکاری ئیران و هەلسوورانیکیان بوونی ، بەلام زۆر کریکاری ئیرانیمان دیتووه که سەندیکالیست و هەلسورای بن ،کەوایه مارکس و ئینگلس و لینین و کۆمۆنیزم و ئیمەی کۆمۆنیست له " چینی کریکار "ین وه بزوتنەوەی سەندیکالیستی چینی کریکاری ئیران بزوتنەوەی خۆرسك ورەسەن"ی ئەو چینەیه ! پۆپۆلیستی یەکان ئەو بزوتنەوه سەندیکالی یەی که هەموو بناغەکانی له ماوەی چەندین سال دا له لایەن چەند بەشیکی دیاریکراو له ئارستۆکراسی ئەوروپاوه، وه ئەمرۆ بەشیوەی موشەخەس لەلایەن تیئۆریسیەنه بۆرژواکانی حیزبی سیوسیال دیموکراتیکەکانی ئەوروپی رۆژئاواوه تیئوریزەکراوه. له ئاستی جیهانی ریکخراوه، وه هەر ئەم عنسرو حزبانه بەرەوپیشی دەبەن، به بزوتنەوەی " خۆرسك " ناو لێ دەبەن. بەلام کاتیك داوایان لێ دەکەین کۆمۆنیزم وەك بیروبۆچوونیکی موشەخەس له نێوبزوتنەوەی چینی کریکار بەرەسمی بناسن، زمانیان دەبەسترێ دەروون و ویژدانیان تووشی ئازار دەبێ ! ئەمانه به پیچەوانەی قسەکانیان له کردەوەدا کۆمۆنیزم به بزوتنەوەیەك نازانن کەلانی کەم 120 ساله بەبلاوبوونەوەی مانیڤستی کۆمۆنیست ، وەك جەریانیك لەنیو بزووتنەوەی چینی کریکاردا به شیوەیەکی هەستپیکراو بەرچاو هەبووه ، وه 70 ساله لەوەپیشی وەك وشیارترین بەشی خودی چینی کریکار بزوتنەوەی کریکاری مەزنی ڕابەرایەتی کردوەو به سەرکەوتنی گەیاندوه . ئەوان ئەم عبارەته بەشیوەیەکی هەمیشەی و بێ لەبەرچاوگرتنی باره میژوویی و راستەقینەکەی به دەستەوه دەگرن که: " سوسیالیزم دەبی له دەرەوه بچیته ناو چینی کریکار " . بەلێ ! بەلام کۆمۆنیزم لەمیژ ساله، کریکاری یه ئیسته ئیتر خاوەنانی کارتیکەکان و تراستەکانیش بەباشی لەمه گەیشتوون. هاوری یان ! ئیمه نوینەرانی مانیفیستین، ئیمه نوینەرانی شۆڕشی ئۆکتۆبەرین که ئەمرۆ پاش ئەوەی ریزییونیستەکان، تەشکیلاتەکەمان وحزبەکامان وئەنتەرناسیونالەکەمانیان لەت وکوت کرد، سەرلەنۆی هاتووینەوه مەیدان بۆئەوەی تەشیلاتەکمان ساز کەینەوه . ئیمه کریکاری بووین دەیان ملیون کریکاری شۆرشگیر له ریزەکانی ئیمەدابوون. ئەمانه خۆ نەبوونەته تۆزی بانان ، نەبوونەته دووکەل و بەهەوادا نەچوون، وینەی لینین مان ،وینەیەکه که له میلیون میلیون ماله کریکاردا له دیوارەوه بووەو ئیستاش هەیه " مەرگ بۆ سەرمایەداری " ئەم شیعارەی کۆمۆنیستەکان، ئەمرۆ شیعاری مندالانی کریکارانه . وه هەر لەم شۆڕشی ئیران دا دیتمان که ئەم تاییەتی یه کۆمۆنستی یەو ئەم کەلەپووره کۆمۆنیستی یەی خەباتی بەشك له خودی چینی جیهانی کریکار، ئەوەندە گیاندار زیندووه که کاتیك ینی کریکاری ئیران خەباتی حۆی بەروالەت له دژی ئیستبداد و پاشایەتی دەست پێ دەکا ، لەگەل ئەوه خەباتەدا به جۆریك سەرمایەداریش پێ بایەخ دەکا که هەتا ەند مانگ پاش راپەرین جەنابی سەرمایەداری تەوەزەل بۆ ئەوەی بەساغی له ناچار دەبی خۆی دەنگ هەلبرێ : " مەرگ بۆ سەرمایەداری " ! وه ئەمه هیشتا شۆڕشك بووه که له شیعاره ئاشکراکانی دا و له قسەی ئەو کەسانەدا که خۆیان بەرابەری شۆڕش هەلدەخست ، ئیددعای ئەوه نەدەکرا که لیدانی زەبری سەرەکی له بۆرژوازی و مالکیەتی خسووسی مەبەسته. لینین ئه راستی یەی دەست نیشان کردوه کەچۆن بەهۆی شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوه، بزوتنەوەی شورایی یانی بزوتنەوه بۆ وەدی هینانی ژیانیك به پێی قەوارەی شۆڕشیکی کۆمۆنیستی ,بووبه ویست و ئامانجی سەدان میلیون کریکارو زەحمەتکیش لەمپەرۆئەوری جیهان دا . ئەمه هیچ مانایەکی نیه جگه لەوه که ئامانجه کۆمۆنیستی یەکان ، هەروەك چۆن ئامانجه سەندیکالیستی یەکان له زەینی چینی کریکاردا جیگیربوون, لەنیو چینی کریکاردا نفووزیان کردوەو تیی نیشتوون .

بەلێ پۆپۆلیسیتەکان تەکامول و گەشەی بزووتنەوەی چینی کریکار لەماوەی ئەم دەیان سالەدا نابینن، ئەمانه سوننەت و مەیله " خۆرسك "ەکانی کریکاران نابینین، ئەمانه کۆمۆنیزم، پاش زنجیره شۆڕشیکی مەزن جەماوەری کۆمۆنیستی ، وەك تەجروبەیەکی واقعی لەنیو بزوتنەوەی چینی کرێکارداو هەربەم بۆنەوه وەك مەیل و بۆچوونیکی کریکاری لەبەرچاو ناکرن . ئەمانه بەکردەوه چاوەری ئەوەن که جاریکی تر میژووی بزوتنەوەی جیهانی چینی کریکار له ئیران دا سەرلەنوی دووپات بیتەوه، مارکس و لینینیك بین و له " دەرەوه " تیئۆری شۆڕشی پرۆلیتەری له ئیران، پیشکەش بکەن و له نیو چینی کریکاردا جیگیربکەن هەتا ئەمانه غیرەت وەبەرخۆیان بنین و کۆمۆنیزم بەجەریانیك له بزوتنەوەی چینی کریکاردا، یانی جەریانیکی کریکاری ناو لی بەرن. نا ، ئیمه ناتوانین وای بکەین

. دوايين هاوريكا نمان له رووسيا تيكشكان و بەرهەمی سەركەوتنە ميژوو خولقينەكانی خۆيان بۆ ئيمە بەجی هيٚشت . ئيمە لە ئيران هەر لە سەرەتاوە كريكاری بووين ، تەنانەت ئەگەر تاقە يەك كريكاريشمان نەناسيبايە، چوونكە گەليك كريكاری ئيمەی كۆمۆنيستيان ( ئەگەر قەبوولمان كردبايە كە كۆمۆنيستين ) بە پيشەنگی شۆڕشی خۆيان، وە بە ريبەرانی ريگای لينين و ئوكتۆبەرە خۆشەويستەكەيان دەزانی . كۆمۆنيزم لە باری بابەتی يەوە جەريانيكە سەر بە چينی كريكارو پەيوەندی بەو چينەوە هەيە، وە بە ريكخستنی شۆڕشی مەزنی پرۆليتەری، بەريكخستنی ساليانی سال شەری جەماوەری چەكدارانەی كريكاران لە دژی هيزەكانی دەولەتە ئيپرياليستيەكان لە دريژەی شەڕی يەكەمی جيهانی دا، وە بەو هەموو خوينەی كريكاران لە پيناو كۆمۆنيزم و ئامانجی سوسياليزم دا رەشتيان، ئەم پەيوەندی يە چينايەتی يە ی خۆشی ئيسپات كردوە. كەواتە با ئەم ئەركە بە وردەبوراژوازی بسپيرين كە بە ئيمە بلين لە دەرەوەی چينی كريكارن لە دەرەوەی بزوتنەوەی كريكارن ، وە داوامان لی بكەن خۆمان لە بزوتنەوەی خۆرسكی چين " هەلپيكين" چونكە ئەمە ريك هەرئەو چیٚ وشوينەيە كە وردەبورژوزای دەيەوی وەپال ئيمەی بنی. ئيمە ئەوەمان لەبيری دەچووەوە كە ئەو ريكخراوە وەردەبۆرژوای يانەی بە بيستينی رستەی وەك : ماركسيزم لە دەرەوەی چينی كريكارە " چەپلەيان لیٚ دەدا " خۆيان بەراستی لەباری چينايەتی يەوە لە دەرەوەی چينی كريكا بوون . ريكخراوە پۆپۆليستی يەكانی خەتی 3 ، لە سەرەتاوە هەر بە هيچ شيوەيەك نەچوونە ژيرباری ئەوەی كە ماركسيزم جەريانيكە لە بزوەتنەوەی چينی كريكاردا ، زۆر كەس لە بناغەدانەران و رابەرن و خاوەن بيرانی ئەم ريكخراوانە، هەر لە بنەرەتەوە پیٚ يان وابوو كۆمۆنيزم ئانتی تيزی مەزهەبيكی وەك مەزهەبی موجاهيدنە، وە پیٚ يان وابوو هەر كە دەستيان لەئيسلام هەلگرت ئيتر كۆمۆنيستن. ئەوان ماترياليزم، ئەويش ماترياليزمی شيوە ميكانيكی يان لەگەل كۆمۆنيزم لیٚ تيكەچووبوو، ئەوان هەرگيز بيريان لەوە نەكردوە كە ماركسيزم جەريانيكە كە لە نيو بزوتنەوەی چينی جيهانی كريكاردا ڕيشەی داكوتاوە ، سوونەت و شيوەی عەمەلی تايبەتی خۆی بووە ، حيزبی خۆی پيك هيناوە ، بەردەوام لە نيو چينی كريكاردا ئاژين بووە و رەگی داكوتاوەو پايگای كۆمۆنيستی پيكهيناون . لە ماوەی دەيان سالدا چينی كريكاری لە خەباتی چينايەتی و شۆرشيگرانەی دا بەرو پيش بردوە. وە بەم بۆنەوە بۆ ئەوەی كەسيك بيتە ماركسيت دەبی ئەم سونتەتانەش فيربیٚ . تيگەشتينی ئەوان لە كۆمۆنيزم ، تی گەشتنيكی سەرزارەكی و تەجريدی بوو ، وە ئيمەش لەكردەوەدا يانی لە كردەوەدا يانی لەمەيدانی گەيشتنی عەمەلی لە كۆمۆنيزم دا ، قەناعەتمان بەوە بۆچوونە وردەبۆرژوای يە هينابوو. وە ملمان پیٚ دابوو . ليرەدا بەهيش شيوەيەك مەبەستم بيرورا بەرنامەيی و سياسی يەكا نمان نيە. ئيمە لە پراتيك دا ملمان ( بەو شيوەيە )دا، چونكە لە تەشكيلات وتيئۆری تەشكيلات دا، كە كۆلەكەو مەرجی پيويستە بۆ هەموو كاريكی شۆڕشگيرانە بۆ كۆمۆنيستەكان ، بە شيوەيەكی نا رەخنەگرانە كەوتينە شوين ئەو تیٚ گەيشتنە وردەبورژوای يانەی كە باوبوون. هەروەك باسم كرد مەسەلەكە رێك لەوەدا بوو كە ئيمە بەكردەوە شۆڕشگيريەتی وردەبۆرژوا يمان بە تاقەشكلی شۆرشگريەتی زانی، وە شۆڕشی گشتی ونا چينايەتيمان وەك تاقە شۆڕشی راستەقينە چاولێكرد. ئيمە شۆڕشی سوسياليستی خۆمان لە ئاستی واقعييەتەوە بردە ئاستی "ئامانج "وە شۆڕشگيريەتی خۆمان يانی شۆڕشگيريەتی سۆسياليستی مان كە لە ميژسالە لە دەستووردايە ( شۆڕشكيريەتی يەك كەريكخستن و هەلخراندنی چينی كريكار لە ژير ئالای حزبی كۆمۆنيست دا وە خەبات بۆ وەدەسهينانی دەستەلات و دامەزراندنی ديكاتوری پرۆليتاريا مەبەستە ( وەك ئيشيكی ڕاستەقينە چاو لیٚ نەكردو پيمان وانەبوو لە دەستوور دايە، بەلای ئيمەوە، شۆڕشی ئيمە، باسی شۆڕشی سۆسياليستی، وەك شۆڕشيكمی واقعی و راستەقينە كە دەبی قۆلی لیٚ هەلمالی، چاوی لیٚ نەدەكرا . وەك شۆڕشێك چاوی لی نەدەكرا كە لە ميژسالە لە پيناو وەدی هاتنی دا كاری شۆڕشگێرانە دەكری، لە ميژساله هيزی بۆ كۆدەكريتەوە. ڕێكدەخریٚ و هەر بە بۆنەی ئەم هەلسووران و كارە شۆڕشگێڕانەيەی كۆمۆنيستەكانەوە، دەتوانی هەلچی و ببيتە را پەرين ولە ئە نجامدا چينی كريكار دەستەلات بەدەستەوە بگری، لە كۆتايی سەدەی بيستەمدا بروات بەوە هەبی شۆڕشی سۆسيالستی لە دەستوور دايە. بەهيچ شيوەيەك لۆنتاريستی نيە. ئەمرۆ سەرمايەداری لەوپەڕی قەيران وگەندەل بووندايە، ئەمرۆ شۆڕشی سوسياليستی لەجەرگەی هەموو قەيرانە ئابووری كۆمەلی سەرمايەداری دا دەتوانی شكل بگری و وە ئەگەر حزبی كۆمۆنيست بەرادەی پيويست جەماوەرو پيشرەوانی چينی كريكاری لەريزگانی خۆيدا ريكخستبی، هەموو قەيرانيكی ئابووری زەنگی مەرگی كۆمەلی بۆرژوايی دەزرينگينيتەوە. ئيمە هەموو ئەوانەمان دەزانی لە بلاوكراوەكانی خۆمان دا بە روونی بەيا نمان كردوە، وە خۆمان لە وەخەبەر هينان و زيندووكردنەوەی ويژدانی سويساليستی بزوتنەوەی كۆمۆنيستی ئيران دا دەوريكی باشمان گيرابوو. لەم رووەوە بە دريژای قسەوباسەكە لە هەموو شوينيك تەئيكيدم لەسەر ئەوە كرد كە ئيمە لە كاری تەشكيلاتی خۆمان دا لەم تیٚ گەشتنە، نەزەری يە خۆمان دوور كەوتينەوە، ئيمە بەتەواوی ئەوەمان روون كردبووەوە كە ئەو شۆڕشە ديموكراتيكەی لە ئارادايە، لە گەيشتنی چينی كريكار بەر ئە نجامە چينايەتی و سوسياليستی يەكانی خۆيدا، كە زۆر لە چوارچيوەی ئەم شۆڕشە واوەتر دەچی، چ يكاو شوينيكی هەيە، ئيمە بۆ دروستی خەبات بۆ سەركەوتنی ديموكراسی شۆڕشيگير و شۆڕشی ديموكرايتك مان بە خەباتيك دەزانی كەبەگشتی دەكەويتە سنووری تاكتيكەكانەوەو لە ئاستی تاكتيكەكان تيپەر نابیٚ ، وە ئەوەشمان دەزانی كە خەباتی ئيمە زۆر لەو خەباتە واوەترە دەچی كە لە پيناوی ئامانجە تاكتيكی يەكان دا دەكریٚ لەم رووەوە، لە سەرەتادا كاتيك بۆمان دەركەوت لە كردەوەدا شۆڕشگيريەتی هەمەملايەنەو جەماوەری سوسياليستی خۆمان بە مانای راستەقينەی ووشەكە لە دەستووردا نەبوو، گيروگرفت وگرێی كاری خۆمان ئاوا فۆرموولبەندی كرد كە " لە ئاستی تاكتيكەكان دا خۆمان بە ستووەتەوەو لەو چوارچێوەيەدا قەتيس ماوين " وەيا " لە پەيوەندی نيوان كاری رووتينی و كۆمۆنيستی و تاكتيكەكان تیٚ نەگەشتووين" . بەلام ئايا ئەم فۆرموولبەنديە بۆ ڕوون كردنەوە مەسەلەكە بەسە ؟ بەبڕوای من بەس نيە ، ئەم فۆرموولبەندی يە بەناخی مەسەلەكەدا ناچی و ناگاتە قوولای يەكەی، چونكە ئەوەی بە پێی قاعيدە بۆ كۆمۆنيستەكان دەكەوتووە سنووری تاكتيكەكانەوە، بۆ وردەبۆرژوازی "هەم ستراتيژييەو هەم تاكتيكی" هەموو شۆڕشگێريەتی يەكی وردەبۆرژوای ئەوەندەيە. كەواتە ئەو ڕەخنەيە كە مەسەلەكە ئاوا فۆرموولبەرندی دەكاكە : شێوەكاری ئێمە بۆيە نادروست بوو چونكە " تاكتيك ببوو بە هەموو شتێكمان " خۆی ڕەخنەيەكی بەرتەسك كردنەوەی خەبات لە چوارچێوەی تاكتيكەكان دا " نەبووە بەڵكو لەوەدا بووە كە" لە كردەوەدا كەوتبووينە شوێن شۆڕشگێڕيەتی بەرتەسكی وردەبۆرژوايی" خۆ لە ڕاستی دا وەنەبیٚ كە " تاكتيك" بووبيتە هەموو شتێكی ئێمە، بەڵكو ئەوە شۆڕشگێريەتی وردەبورژوايی بوو كە بەلايەوە هەلوێستگرتن سەبارەت بەمەسەلەكانی شۆڕشێكی ديموكرتيك - كە بۆ كۆمۆنيستەكان ئەم ئيشە لە چوارچيوەی مەقوولەی

تاكتيكەكان دایە - هەموو شتێك بوو . هەم ستراتژی بوو هەم تاكتیك، ئەمە ڕێك بریتی یە لە ملدان بە شۆڕشگێریەتی وردەبورژوای لە كردەوەدا ، كە بە شێوەی پێچەوانە لە ژێرناوی زەق بوونەوەی مەسەلە تاكتیكی یەكاندا فۆرموولە دەكرێ . بەلێ ! كاتێك شۆڕشگێریەتی كۆمۆنیستێ بە شێوەی گیاندارو زیندوو لە ئارادابی و تەشكیلات ڕەچاوی بكا. ئەوكات تاكتیكەكانی ئێمە وەلامدەرەوەی شۆڕشگێریەتی چینەكانی تر دەبن. ئەمە هیچ گومانی تیدا نی یە. شۆڕشگێریەتی وەردەبۆرژوای ئەو پەرەكەی گۆشەیەكە لە شۆڕشگێریەتی هەمەلایەنەی پرۆلیتاری، وەلایەنێكی بەرتەسكی شۆڕشگێریەتی پرۆلیتەری یە لە هەل و مەرجێكی سیاسی و كۆمەلایەتی تایبەت دا ، دیموكراتی وەردەبۆرژوازی داوای دیموكراسی دەكا ، تێگەشتنیكی بێ پێزو بەرتەسكی لەم دیموكراسی یە هەیە وە لە خەبات بۆ وەدی هینانی ناشێلگیرە، ئێمەش وەك لایەنێكی خەباتی شۆڕشگێڕانەی خۆمان بۆ دیموكراسی، ئەویش بە بەرین ترین شكلی خۆی خەبات دەكەین. ئەم جۆرە سەرەتا پێی شۆڕشگێرە وردەبۆرژوایی گۆشەیەكە لە خەباتی تاكتیكی ئێمە، بەلام ئەگەر ئێمەش خۆمان هەموو خەباتەكەمان بەگۆشەیەكی دیاركراوەوە یانی بەو مەسەلانەوە كە لە چوارچوەی تاكتیكەكان دان ببەستینەوەو بەرتەسكی كەینەوە، ئەوكات ئیتر شۆڕشگپڕیەتی ئێمەو وردەبۆرژوایی بەكردوە هیچ سنورێكیان لە نیواندا نابی. لێرەدا بە ڕوونی دەبینین كە بۆچی تەنانەت فورمووڵی " بەرتەسك كردنەوەی خەبات لە چوارچیوەی تاكتیكەكان" وە یا تێك شێواندنی كاری ڕووتینی كۆمۆنیستی و تاكتیكەكان " مەسەلەكە ڕوون ناكاتەوە، چونكە ڕێك سۆسیالیزمی وردەبۆرژوایی و شۆڕشگێریەتی وردەبۆرژوای یە كە ئاسۆی بەرچاوی و وزەو توانای لەم چوارچێوەدا دەمێنیتەوەو لێی تێپەرنابێ . ئەوە شۆڕشگێریەتی وردەبۆرژوایی یە كە لەگەل كاری ڕووتینی كۆمۆنیستی بێگانەیە وە ئامانج و خەباتەكەی لە بەرزترین پلەی خۆی دا، هەر لە چوارچێوەی خەبات بۆ هەمان ئامانجە تاكتیكی یەكانی كۆمۆنیستەكان دا دەمینیتەوە. كەوایە ناكرێ لە پێك هینانی تەشكیلاتێك بۆ ریكخستنی شۆڕشی سۆسیالیستی خولا بدەی و تەشكیلاتیك پیك بینی كە لە چوارچیوەی پیویستی یەكانی شۆڕشێكی دیموكراتیك دا دەمێنیتەوە وە ئیددیعا بكەی كە ئەمە "ئیشی تاكتیكی "مانە. ڕێكخستنی شۆڕش وبزوتنەوەی دیموكراتیك بۆ چ كەسیك " ئیشتی تاكتیكی "یە ؟ بۆ كەسێك كە ڕێكخستنی ئەم شۆڕشە بەلایەوە بەشێك بێ لە ستراتژی یەكی گشتی تر و ئالقەیەك بێ بۆ گەیشتن بە ئامانجە نیهایی یەكەی. بۆ كەسیك كە شۆڕشیكی ئاوا وەك هەول و مەرجێكی لەباری تایبەت چاو لێ بكا كە ریگا خۆشكەرە بۆ وەدی هاتنی ئامانجە سەرەكی یەكەی ، بۆ كەسیك كە كارەكەی لە پیناو شۆڕشیگریتەتی یەكی بەرین ترو هەمەلایەنتری سۆسیالستی دا بێ وە لەم ڕوانگەوە چاو لەشۆڕشێكی بالفعلی غەیرە سۆسیالیستی بكاو بەم بۆنەوە هەر بە پیی ئەو ڕوانگەیە بزانی كە دەبێ لە ریزی پێشەوەی ئەم شۆڕشەدا بەسەرنجامی بگەیەنێ و خۆی شۆڕشگیرتیرین هێزی بەرەوپێش بەرێ ئەو شۆڕشە بالفعلە بێ ، شۆڕشی دیموكرتیك بۆ ڕێكخراو وحزبی كۆمۆنیست، بۆ ریكخراو و حزبیك كە ریكخستنی شۆڕشی كۆمەلایەتی پرۆلیتاریای بە ئەركی شۆڕشگێڕانەی هەمیشەی وچان هەنەگری خۆی داناوە، وهەر بەم بۆنەوە خۆی بە شۆڕشگێر دەزانی " ئیشیكی تاكتیكی "یە، نەك بۆ ئەو هیزەی كە هەموو شۆڕشگیریەتی یەكەی لە چوارچیوەی ئەم شۆڕشە بالفعلە دیاریكراوەدا دەمینیتەوە و هەرچاوی لەم شۆڕشە بالفعلەیە. بۆ ئەمەیان ڕێكخستنی شۆڕشی دیموكراتیك هەم سترتژی یە و هەم تاكتیكە. تاكتیكە و سترتژی لە پۆپۆلیزم دا هاوتان و بریتین لەبە ئەنجام گەیاندنی شۆڕشی دیموكراتیك و پیكهینانی جمهوری دیموكرتتیكی گەل . ئەوە كە پۆپۆیستەكان بەرنامەیەكیان نەبوو كە ئامانجە سوسیالیستی یەكان بگریتە بەر پێ یان وابووە هیچ قازانجیان لەوەدا نیە كە لە قسەو باسی سەبارەت بەبەرنامەدا بەشداری بكەن ، وە نەدەچوونە ناو ئەم باسەوە شتیكی بەهەڵكەوت و بێ دەلیل نەبوو .

بەلێ ئیمكانی ئەوە هەیە كە ریكخراو وحزبیكی كۆمۆنیست، لەسەردەمیك دا تووشی " بەرتەسك كردنەوەی خەبات لەچوارچیوەی خەباتی تاكتیكی دا" بێ ، وەبۆ نموونە بەشداری كردنی لەبەرەی دژی فاشیستی دا ببیتە هۆی كزبوونی سەربەخۆیی یە چینایەتی یەكەی و كارە كۆمۆنیستی یەكەی , بەلام ئەو هیزەی پیویستی خەباتی هەمەلایەنەی كۆمۆنیستی هەر لەبنەرەتەوە لەكردەوەدا ڕەتكردوەتەوەو بێ شیلی كردوە. هیزیك كە لەكردەوەداو لەبنەرەتەوە ئەم خەباتە هەمەلایەنە رووح و فەلسەفەی وجوودی تەشكیلاتەكەی نەبوونی و نەبێ ، ئیتر هیچ جیاوازی یەكی نیە لەگەل جەرەیان و ریكخراویكی وەردەبۆرژوایی . بەلێ !ئیمەش بەرادەیەكی زۆر لە كردەوەدا شۆڕشی سوسیالیستی مان وەك شۆڕشیكی زیندوو راستەقینەو دەست بەجێ لە بەرچاو نەگرت ، وە ئەگەر لە رووی كاركردی رۆژانەی تەشكیلاتیمانەوە ، خۆمان هەلبسەنگینین ( دەبینین كە ) ئیمەش شۆڕشی سۆسیالیستی خۆمان بەشیوەیەك حەوالەی داهاتوویەكی دوور و درنگ كردوە . بەلام ئەم قسەوباسەی من چ جیاوازیەكی لەگەل قسەوباسی ئەو كەسانە هەیە كە لەسەر ئەو بروایەن ئەم شۆڕشی ئێستا لەئیران لە ئارادایە شۆڕشیكی سۆسیالیستی یەو كاری ئیمەش هەر بەم بۆنەوە كاری ریكخستنی شۆڕشی سۆسیالیستی یە. هەر بەڕوون كردنەوەی ئەم جیاوازی یە دەتوانم جەوهەری ناوەڕۆكی قسەوباسەكەی خۆم روون كەمەوە، وە نیشان بدەم كە مەسەلەی شیوەكاری كۆمۆنیستی خەسلەتی هەویتی هەیە و پیناسی كۆمۆنیستی مان دیاری دەكا . ئەوانەی وا بۆ ئەوەی سۆسیالیست بن ناچارن ئەمشۆڕشە دیاریكراوەی ئیران بە شۆڕشی سۆسیالیستی بزانن ، ریك هەر ئەو بۆرژوایانەن كە شۆڕشێگیریەتی و كاری شۆڕشگێرانەیان لەتاكیتیكەكان و مەسەلە تاكتیكی یەكان هەلدەینجن . هەرواش تێیبگەن ، چونكە ئەوانیش لسەر بنچینەی متدۆلۆژی یەك كە متدۆلۆژی هاوبەشی ئەوان و پۆپۆلیستە ئاسایی یەكانە، شۆڕشگیریەتی خۆیان لە تایبەتی بابەتی یەكان زەمانەو لە مەسەلە تاكتیكی یەكان وەردەگرن . ئەوان دەلین : " ئەو شۆڕشەی كە ئیستا لە ئارادایە خۆی سۆسیالیستی یە " وە لەم حوكمەوە بەوە دەگەن كە ریكخستنی سۆسیالیستی پیویستە، جیاوازی نیوان ئەمانەو پۆپۆلیستە ئاسایی یەكان ریك جیاوازی و ناكۆكی یەكە لەسەر نازنامەو سیمای كۆمۆنیستی ، وە ئەگەری كەسیك بتوانی بەمانە بسەلمینی كە " قوناغی شۆڕش " هیشتا سۆسیالیستی نیە ، ئەوانیش وەك هەموو پۆپۆلیستەكان ، كاری شۆڕشگیرانە لەچوارچیوەی كاری دیموكراتیكی شۆڕشیگرنەدا بەرتەسك دەكەنەوە . هەروەك زۆركەس لەمانە پیش ئەوەی بە بیروڕای تاكتیكی تازەیان بگەن، وایان دەكرد، ئەوان ناتوانن لە پیویستی كاری سۆسیالیستی هەمیشەیی كۆمۆنیستەكان، تەنانەت كاتیك كە ئەو شۆڕشە زیندووە بالفعە وا بەشدرای تیدادەكەن خەسلەتی دیموكراتیكی هەبی تێ بگەن وە ئەم بۆنەوە بۆ ئەوەی ئیدیعای سۆسیالیست بوون بكەن ، ناچارن لە ئاست راستی یەكان و تایبەتی یەكانی وەزعییەتی دنیای دەرەوەی زینی خۆیان، چاوبنووقینن . لەبەرامنەردا ئیمە دەلیین ریكخستنی شۆڕشی سۆسیالیستی ئیشیكە پیناسی ئیمەیەو پەیوەندی بە سیمای ( كۆمۆنیستی ) ئێمەوە هەیە، ئیشتی هەمیشەی مانە، بەهەل و مەرج و زەمان و مەكانەوە بەند نیە و بەم بۆنەوە

هەمیشە ئیشی دەست بەجێ مانە . ئێمە دەلێین ، ئیمە هەمیشە سۆسیالیستین بووین و هەین . ئێمە هەمیشەو جیاواز لەوەی "قۆناغی شۆڕش " چ بێ خەریکی
ڕیکخستنی شۆڕشی کۆمەلایەتی پرۆلیتاریاین، ئیمە هەمیشەو لەهەموو حالیکدا چینی کریکار بۆ بەریوە بردنی شۆڕشی کۆمەلایەتی و بەدەستەوە گرتنی
دەستەلاتی سیاسی بانگەواز دەکەین ، ئیمە هەمیشە سۆسیالیستین وە شۆڕشی سۆسیالستی دەنبیینە دەستووری چینی کریکارەوە. بەلام پەوەندی نیوان ئەم خەباتە
شۆڕشگێرانە هەمیشەیی یەو تایبەتی یەکانی جیهانی عەینی دەرك پێ دەکەین . تایبەتمەندی یە سیاسی و ئابووری یە تایبەتەکانی کۆمەل لە سەردەمی
جۆراوجۆرداو پلەیەکی دیاریکراو لەسەنگو سووکی هیزەکان و وەزعییەتی موشەخەسی چینی کریکار لەباری بابەتی یەو زەینی لە هەر بوارو سەردەمیك دا ،
ناچارمان دەکەن بۆ نزیك بوونەوە ڕاستەقینە لە دەستەتی سیاسی و بەرەپیش بردنی شۆڕشی کۆمەلایەتی تاکتیك ڕەچاوکەین ، بەلام ئەو کەسەی لە چوارچیوەی
تاکتیك دا لایەنگری شۆڕشی سۆسیالسیتی یە کاری بە گوڕینی جیهانی واقعی یەوە نیە، کاری بە وەدەستهینانی ڕاستەقینەی دەستەت لەلاریەن پرۆلیتاریاوە
نیە . ئەو تەنیا کاتیك سۆسیالیستە کە وەك تاکتیك بتوانی هاواری بکا : دەبی دەست بەجی دەسەلاتی سیاسی بەدەستەوە بگری " وە دیارە کاتێك لەباری عەینی
یەوە نەگرێ دەست بەجی دەستەلات بە دەستەوە بگرێ، هیچ کاریك نامینی کە ئەم جەماعەتە خۆی پێوە خەریك کەن. لیبرالیزم و پاسیفیزم سەرنجامی ئەم
لایەنەی دیموکراسی وردەبۆرژوای یە کە دەیەوی خۆی بە سۆسیالیست لەقەلەم بدا . ئەو کاری بەو شەرە ڕاستەقینە نی یە کە لە پیناو دەستەلات دا دەکرێ ،
کاری بەچارەسەرکردنی ئەو مەسەلە تایبەتانەوە نی یە کە لە هەر سەردەمیکی دیاریکراودا لەمپەرن لەسەر ڕیگای شۆڕشی کۆمەلایەتی ، کاری بەو کاسانە نی یە
کە لە سەردەمیك دا هاوپەیمانی حزبی کریکارانن ، ئەو " لەسەردەمی شۆڕشی سۆسیالیستی دا سۆسیالیستە" و کەوایە هەتا ئەو کاتەی وا ئەو " سەردەمە " بە
کردەوەدا و لە واقیع دا دەگا ، یان دەبی بیچیتەمالەوە و لە داخی ئەوەی پرۆلیتاریا خاوەنی وشیاری سۆسیالیستی نیە، بەهەناسە ساردی پالداتەوەو خۆی
بخواتەوەو بە نێو نووسراوەو بەلگە سۆسیالیستی یەکان دا بگەڕی وئالەبووکیکیان لی دەروست کاو زەینی خۆی پێ ژێرکاتەوە، وەیا بیتەمەیدانی سیاسەت و
دەست بداتە پراتیکی لیبرالی و ریفورمیسی بۆ باش کردنی وەزعیەت بەمەبەستی" ڕێگا خۆشکردن بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی" و بەم جۆرە ئەو هات و هاوارەی
لەبابەت سوسیالیست بوونی خۆیەوە دەیخاتەڕێ ، کامل بکا . لەم ڕووەوە بە کە شۆڕشگێریەتی وەرشکست بووی وردەبۆرژوای کە هەتا دوێنی بە بیانووی
دیموکراتیك بوونی " قوناغەی شۆڕش " لە تەبلیغ و تەرویج و ڕێکخستنی سۆسیالیستی لەنیو چینی کریکاردا، نیگەران دەبوو و بەردەوام پەنجەی
ئاگادارکردنەوەی ڕادەوەشاند کە : هەکا تووشی چەپ ڕەویی و " ترۆتسکیزم " و ئەم جۆرە شتانە بوو. ئەمڕۆ پاسفیزم و بێ تاکتیکی و داماوی سیاسی خۆی لەژێر
ئەو پەرەدەیەدا کە قۆناغی شۆڕش سۆسیالیستی" یە شاردوەتەوەو ڕووی کردوەتە کاری تیئۆریك لە زەمینەی تیئۆری جیهان ناسی و دۆزینەوەی ڕیشەکانی
مارکیسزم لە هیگیل و پیشانیدا ، وە هەروا ئەرکی تەبیلغ و تەرویجی و ڕێکخستنی سوسیالیستی ( وە ئە مجارە تەنانەت دیموکراتیکیش )ی بە ئێمە سپاردوە کە
لە نێو چینی کریکاردا بەڕێوە بەرین . کەوایە قسەوباسی ئیمە قسەوباسکە پەیوەندی بە نازنامە و سیمای ئێمەوە هەیە کە دەبێ ئەنجام و ئاکامی خۆی لە
شێوەکاری هەمیشەیی مان دا دەربخا. کاتێك ئێمە باسی پێویستی ڕەچاوکردنی شۆڕشگێریەتی سۆسیالیستی دەکەین، مەبەستمان قسەوباسێکی تاکتیکی
سەبارەت بە " قۆناغی شۆڕش" نی یە ، بەلکوو ڕێك بە پێچەوانەوە لە ئاستێکی قوولتردا سەبارەت بەوە قسە دەکەین کە ڕێکخستنی شۆڕشی کۆمەلایەتی
پرۆلیتاریا ، کۆمۆنیستەکان پێویستی یەکی هەمیشەیی یە. بەبێ ئەوەی بەندبێ بە تایبەتی یە بابەتی یەکانی فلان شۆڕشی دیاری کراو لە فیسار ولات دا وە
بەبێ ئەوەی بەندبێ بە" قۆناغی شۆڕشی ئیران"، ئێمە دەلێین کەئێمە هەمیشەو دایم سۆسیالیستین، هەمیشەو دایم خەریکی کۆمۆنیست کردنی کریکاران و
ڕێکخستنی شانەکان و کۆمیتە کۆمۆنیستی یەکانی کریکاران نین . هەمیشەو دایم کریکاران لە پێویستی بەدەستەوەگرتنی دەستەلاتی سیاسی ئاگادار دەکەین.
هەلسوڕانی ئێمە ئەوەی بە ئەرك و ئامانجی خۆی داناوە کە کریکاران بکاتە کۆمۆنیستە ڕیزی ئەو کریکارە پێشڕەوو کۆمۆنیستانە پێك بێنی کە بە قوولی تێ
گەیشتوون تەنانەت یەك ڕۆژ درێژەی نیزامی سەرمایەداری بە مانای یەك ڕۆژ درێژەی هەموو مەینەتەکانی بەشەرە. وە ڕێك لێرەدایە کە ئەم ڕیزە کۆمۆنیستی یە،
ئەم حیزبە کۆمۆنیستە بە مەفوولەی " تاکتیك" دەگا، لێرەدایە تێ دەگەین کە فەوتاندنی دەس بەجێی سەرمایەداری شەرت نی یە لە هەموو بوارێکی دیاریکراودا
ئیمکانی هەبێ . وە پێویستی بە شکل و شێوەی تایبەتی خەبات و بەشداری کردن لە مەیدانە جۆروجۆرە تاکتیکی یەکانی خەبات دا هەیە . ئێمە لەسەرەتای
کاری خۆمانەوە هەر ئەم بۆچوونەمان کردە بناغە و بنچینە. ئێمە نەهاتین قۆناغە جۆراوجۆرەکانی تەکاموولی ئابووری و سیاسی کۆمەل بژمێرین، وەك دەیان
تاقمی ئۆپۆرتۆنیست و ڕزیۆنیست کە لە بزوتنەوەی چەپی ئیران دا بوون ، بەبیانووی " قۆناغی شۆڕش"وە ، دیموکراسی تازەبابەت و گەشەی هێزە بەرهەم
هێنەرەکان بە ئامانجی چینی کریکار لەقەلەم بدەین وشیاری یە چینایەتی یە هەمەلایەنەکەی ئەو چینە شلوی کەین و خۆلی بەسەردا بپژێنین. ئێمە هەر
لەیەکەمین نامیلکەمان دا واتە " شۆڕشی ئیران و دەوری پرۆلیتاریا ، خەتە سەرەکی یەکان " ڕامان گەیاند کە ئێمە سۆسیالیستین و بۆ سوسیالیزم تێدەکۆشین . وە
پاشان وەك لێکدانەوەیەکی تاکتیکی دەرمان خست کە بۆچی شۆڕشی سۆسیالیستی دەس بەجی و ڕاستەوخۆ لەو بوارە موشەخەسەدا ئیمکانی نەبوو. ئەم باسە
ئەمڕۆمان سەبارەت بە شێوەکاری کۆمۆنیستی دەبێ ڕێك لەدەوری ئەم خالە بخولێتەوە کە بۆچی ئەم بۆچوونە ئوسوولی یە دەربارەی نازنامە و سیمای کۆمۆنیستی
لەلایەکەوەو مەسەلە تاکتیکی یەکان لە لایەکی ترەوە، لە کردەوەی تەشکیلاتیمان دا بە دروستی ڕەنگی نەدایەوەو جیاوازی عەمەلی ئێمەو پۆپۆلیستەکان
بەقەدەر جیاوازی نەزەری نێوان ئێمەو ئەوان، زەق وبەرچاو نەبوو. ئێمە کۆمۆنیستین و دەبێ هەمیشە و لەهەموو وەزعییەتیك دا چینی کریکار بۆ
بەدەستەوەگرتنی کاملی دەستەلاتی سیاسی ئامادە بکەین . بەلام مەسەلە تاکتیکی یەکان لەبەر ئەوەی کە چۆن لەنیودەلی هەموو هەول و مەرجیکی تایبەت دا ،
لە هەل و مەجیك دا کەتیدا بە دەستەوە گرتنی دەس بەجێی دەستەلات لەلایەن چینی کریکارەوە، ئیمکانی نی یە، ئەو چنی کریکارەی کە بەرژەوەندی چینایەتی
خۆی ناسیوە دەبێ لە دەستەلات نزیك کریتەوە.

کەوایە کاری شۆڕشگێرانەی هەمیشەیمان هەر هەمان کاری شۆڕشگێرانەی کۆمۆنیستی هەمیشەیی مان و شۆڕشگیریەتی سۆسیالیستی مانە کە بریتی یە لە :
ڕێکخستنی تاقەکاری لە ئەمجام دا شۆڕشگیرانەی چینی کریکار، یانی هەنگاو هەلگرتن بۆ شۆڕشی کۆمەلایەتی . وشیارکردنەوەو یەکگرتووکردنی چینی کریکارو

ڕێکخستنی باشترین و تێکۆشەرترین کریکاران لە ڕیزەکانی حزبی کۆمۆنیست دا. تیئۆری تەشکیلاتی ئیمەش ناتوانی شتێکی تر بێ جگە لەو تیئۆری یە کە دەڕوانێتە سەر پیکهینان و پتەو کردنی تەشکیلاتێك کە ئەم کارە شۆڕشگێرانە ڕێك دەخات وبەرەوپێشی دەبا، تەشکیلاتێك کە هەمیشەو دایم بێ ڕاوەستان و بەم بۆنەوە هەمیشە دەس بەجی ڕێکخستنی کۆمۆنیستی کریکاران دەنیتە دەستووری خۆیەوە، چینی کریکار لەبەرژەوەند نیهایی یەکانی خۆی ئاگادار دەکا ، لەنێو چینی کریکاردا پایگای کۆمۆنیستی پێك دێنێ لە هەمان کاتدا ئەرکە تایبەتەکانی خۆی لەهەر سەردەمێکی دیاریکراودا دەناسێ، ئەم جەماوەرە ڕێکخراوەی چینی کریکارو پێشڕەوەکانی بۆ بەڕێوەیردنی ئەرکە تایبەتی یەکانی لە هەر سەردەمێك دا هەڵدەخرێنێ . تاکتیکی کۆمۆنیستی تەنیا بەلای ڕێکخراوێکەوە مانای هەیە کە ئەم شۆڕشگێریەتی یە بە فەلسەفەی بوونی خۆی داناوە. تەنیا تاکتیکەکانی ئەو ڕێکخراوە دەتوانن تاکتیکی چینایەتی بن کە بەم چەشنە چینی کریکاری لەسەر بنچینەی بەرژەوەندە سەربەخۆو بنەڕەتی یەکانی خۆی ڕێکخستبێ ، نەك " تاکتکێکی ڕیکخراوەیی " وەك ئەوەی لە تەجروبەی ڕێکخراوە پۆپۆلیستەکان لە چەند ساڵی ڕابردودا بینیمانە. کۆمۆنیستەکان بە پێی پێناسی خۆیان، ناتوانن لە شۆڕشەکان وجولانەوە خەباتکارانە زیندووە و بالفعلەکان جیاببنەوە . چونکە مەبەستیان ئەوەی پرۆلیتاریای وشیار دەستەلات بە دەستەوە بگرێ ، وە دەزانن کە تەنیا لە ڕێگای گەشەو تەکامولی بزوتنەوە بالفعل و واقعی یەکانەوە دەکرێ لە جیهانی واقعی دا دەستەلات بە دەستەوە بگرێ . بەلام بۆ دەخالەت کردن لەم ڕەوتە واقعی یەدا ، ڕێکخراوەو حزبێکی کۆمۆنیست دەبێ بەر لە هەموو شتێك ( وە هەمیشەو دایم ( هەول بدا ئەو هێزەی وا تاکتیك ڕەچاو دەکات _ یانی هێزی چینی کریکار_ لە سەربنچینەی بەرژەوەندە چینایەتی یە بنەڕەتی یەکانی ، یانی لەسەر بنچینەی بەرژەوەندی غەیرە تاکتیکی ڕێك بخا. تاکتیك ( مەقوولەو مەسەلەیەك نی یە کە پەیوەندی نیوان حزب و چینی پێ پێناسە بکرێ ، بە پێچەوانە بەڕیوەچوونی تاکتیکی بەڕاستی کۆمۆنیستی و پرۆلیتاری خۆی لە گرەوی خەبات بۆ ڕێکخستنی چینی کریکار لە دەوری ئامانجە بنەڕەتی یەکانی دایە . یەکێك لە هاوری یان بۆ دیفاع لەم خالە وتەیەکی هیژای لینینی گیرایەوە ، بەم مانایە کە میکانیزمی دیکتاتوری پرۆلیتاریا ، یانی بەردەوام بوونی حکومەتی کریکاری ، لە سایەی بوونی ئەم سەدان و هەزاران ناو کە کۆمۆنیستی یەوەیە کە لە ماوەی چەندین سالدا لەنێوان چینی کریکاردا پێك هاتبوون و توانیان. لەکاتی خۆیدا چینی کریکار بجووڵیین بۆ بەدەستەوە گرتن و پاراستنی دەستەلات بەرەوپێشی بەرن، بە ووتەیەکی تر لە چەندین سال لەوەپیشەوەو لە سەردەمە جۆراوجۆرەکان دا بۆلشەویکەکان بەهۆی کاری کۆمۆنیستی لەنیو کریکاران دا، بە شێوەی هەمیشەیی هەوڵیان داوە بۆ ڕێکخستنی دیکتاتۆری پرۆلیتایا . بەلام بابزانین ئێمە چی مان کردوە؟ بە ڕادەیەك کە لە ئاست ئەم ئیشە کەمتەرخەمی مان کردوە، هەر بەهەمان ڕادە لە وەدی هێنانی سەرەتایی ترین ئەسلی تیئۆری لینینی تەشکیلات دا کە بریتی یە لەوەی ریکخستنی شۆڕشی کۆمەلایەتی پرۆلیتایا بنریتە دەستووری هەمیشەیی تەشکیلات ، کەمتەرخەمی کراوە. یانی بە هەمان ڕادە پشتمان بە تیئۆری لینینی تەشکیلات نەبەستووە، وە لە حالێکدا کە لە ئاستی نەزەری و تەنانەت لە مەیدانی تەبلیغ و تەرویج بۆ سۆسیالیزم دا خەباتمان کردوە، لەمەیدانی کاری تەشکیلاتی دا، خۆمان بە کاری شۆڕشگێرانە دیموکراتیکەوە بەستووەتەوە . یانی لە کردەوەدا ملمان بە شۆڕشگێریەتی وەردەبۆرژوایی داوە . ئەگەر کەسێك مانای عەمەلی کۆمۆنیزم بە ڕێکخستنی کریکارانی کۆمۆنیست نەزانێ ، دیارە ڕیزی کریکانی کۆمۆنیست ریك ناخا کە یەکێك لە هاورێ یان ئە نجامێکی یەك لایەنەی لە فۆرموولبەندی بەرتەسکی " تەشکیلاتچیەتی " وەرگتبوو . ئەو هاورێ یە لە ڕووی ئەو فۆرموولبەندی یەوە بەو ئە نجامە گەیشت کە " ئێمە کریکاران دەکەینە سۆسیالیست"، بەلام پۆپۆلیستەکان، کریکاران بۆ تەشکیلاتی خۆیان بانگەواز دەکەن " من دەلێم ئەگەر تەشکیلاتی ئیمە کۆمۆنیستی بێ، ئەرکی سەرشانمانە کە بێ هیچ ئەم لاو ئەولایەك کریکاران بۆ تەشکیلاتی خۆمان وە تەنیا بۆ تەشکیلاتی خۆمان بانگەواز بکەین. کریکارانی کۆمۆنیست دەبێ ڕێکخراوبن و لە ڕیزەکانی ئێمەدا ڕێکخراوبن، بۆچی پرژو بلاوبن، یان بەڕێکخراوەکانی ترەوە، بە وردەبۆرژوازی یەوە پەیوەست بن؟ گوایە غەیری حزبی کۆمۆنیست هیچ کۆمۆنیستیکی تر هەیە؟ وە ئایا ڕزگاری چینی کریکار غەیری لە ڕێگای ڕێکخراوبوونی ئەو چینە لە ڕێکخراوەی حزبی خۆی دا، لە هیچ ڕێگایەکی ترەوە ئیمکانی هەیە ؟ ئەمرۆ نەك هەر سۆسیالیست کردنی کریکاران، بەڵکو ڕێکخستنی ئەوان لە ڕیزە حزبی یەکانماندا ، ئەرکی هەرە گرنگ و پیویستمانە . ئەو ئەرکە ئەرکی هەرە پێویست و هەمیشەیی و هەموو ڕۆژەمانە . باشە ! ئەم کارە بۆچی دەبێ پێی بگوترێ کاری ئارامی سیاسی ( باسی ئەوەش هەر ناکەین کە لە ڕابردودا تەنیا بە کاری " دژ بەرژیم" دەوترا کاری ئارامی سیاسی ) . کاری ئێمە ئارام نی یە. ڕێکخستنی هەمیشەیی شۆڕشی کۆمەمەلایەتی پرۆلیتاریا کاریکی " ئارام "نی یە. کارێکی جەنگاوەرانەی کۆمۆنیستی یە، سۆسیالیزم هەر لە ڕۆژی بلاوبوونەوەی مانڤیستی کۆمۆنیستەوە جەنگاوەر بووە. ڕێکخستنی کریکاران لە حزبی کۆمۆنیست دا ، پەرەپێدان و بەرین کردنەوەی ڕیزکانی حیزب، ئگادارکردنی کرێکارانی پێشرەو کۆمەلانی بەرینی کریکار لە بەرژەوەندی سەربەخۆی چینی خۆیان ، بەبێ ئەوەی بە هەل ومەرجێکی تایبەتەوە بەندکرێ ، یەکگرتوکردنی ڕیزەکانی چینی کریکار لە هەر شوێنێك کە بۆرژوازی ئاگاو بە ئەنقەست تەفرقە و چەندبەرەکی دەخاتە ڕیزکانی چینی کریکارەوە لەهەر شوێنێك کەڕاستی یە ئابووری وسیاسی وفەرهەنگی یەکانی کۆمەلی بۆرژوازی دەبیتە هۆی پێك هاتنی ئەم کەلێن وکەلەبەرانە، خەیاتش کولێنەدەرانە لەم ڕێگایەداو هەول دان بۆ نزیك کردنەوەی چینی کریکار لەدەستەلاتی سیاسی لەنیو دلی هەموو هەل و مەرجێکی تایبەت دا ، وە قووڵ کردنەوەو بەرەوپێش بردنی هەر بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێرانە کە ڕێگا بۆ سۆسیالیزم خۆش دەکات، بەڵی ئەمە خۆی لە خۆیدا کاری شۆڕشکرانەی کۆمۆنیستی یە. چ شۆڕش لە ئارادا بێ و چ لە ئارادا نەبێ ، چ سەردەمی دامرکان بێ و چ لە سەردەمی گەشەو هەڵچوون، شۆڕشگێرایەتی ئێمە بە وەزعیەتی سیاسی یەوە گرێ نەدراوە. شۆڕشگێریەتی ئێمە خۆی بەخۆیەوە بەندەو لە ئامانجە کۆمۆنیستی یەکانمانەوەو لە پەیوەندی هەرە نزیکی نێوان ئەم ئامانجانەو خەباتی هەمیشەیی و لەڕاوەستان نەهاتووی چینێکی دیاری کراو لە کۆمەڵی بۆرژوایی دا، واتە پرۆلیتیاریاوە سەرچاوەی دەگرێ، ئەوەیە ئەو سوسیالیزمە جەنگاوەرەی کە ئێمە دەیناسین. کەوایە مەسەلەی سەرەکی باسی شێوەکار جارێکی تر دووپاتی دەکەمەوە ، ئێمە لە هەمان کاتدا کە لە وشیارکردنەوەدا سۆسیالیزممان مەبەست بووە، لە ڕێکخستنی کاری شۆڕشگێرانەدا یانی بە گشتی لە مەیدانی ڕێکخستن دا بەکردەوە ملمان بە شۆڕشگێریەتی وردەبۆرژوای داو بەم بۆنەوە ڕێکخراوێکمان پێك هێنا کە بۆ شۆڕشی دیموکراتیکی گشتی لەباربوو وە لەگەل ئەودا دەگونجا. ڕاستی یەکەی ئەوەیە کە ئێمە لە بەندی 8ی بەرنامە سەرەتایی یەکەمان دا وە ئێستا لەبەرنامەی حزبی کۆمۆنیست دا

**سەرخەتی تیئۆری لینینی تەشکیلاتمان بەیان کردوە. ئەم تیئۆری یە فەلسەفەی وجوودی و مەبەستی تەشکیلاتی کۆمۆنیستی، وە تاییەتی یەکان و ناوەڕۆکی هەڵسوڕانی ئەو تەشکیلاتەو هەروەها ئەو ئەسڵانەی کە دەڕواننە سەر شێوە عەمەلی یەکانی ئەو تەشکیلاتەی بەیان کردوە. ئەو شۆڕشە کۆمەلایەتی یە وا ئێمەی بانگەواز کردوە بۆ مەیدانی خەبات، بە ڕوونی ئەو تەشکیلات و شێوەو ڕەوشتانەشی دیاری کردوە کە لەگەڵی دێنەوە. حزبی کۆمۆنیست دەیەوێ کرێکاران لە بەرژەوەندە سەربەخۆو چینایەتی یەکەیان ئاگادار بکا . لەڕیزی سەربەخۆی خۆیاندا ڕێکیان بخا، چینی کریکار بۆ بەدەستەوە گرتنی دەستەلاتی سیاسی بجوولێنێ، وە دەزانی لەهەر هەل و مەرجێکی موشەخەسی سیاسی داو لەهەر بوارێکی دیاری کراودا چۆن دەبێ لە دەستەلات نزیك بیتەوە. حزبی کۆمۆنیست بەردەوام تێ دەکۆشی تەقەلاکانی بەرەی دژ بە شۆڕش، جا چ لە دەستەلات دا بێ وچ لە ئۆپۆزیسیون دا، پووچەڵ بکاتەوە. وە لەهەر هەل و مەرجیکی تاییەت دا چینی کریکار لە بەر تیشکی خەبات لە مەیدانە جۆراوجۆرەکاندا ، زیاتر لە ئامانجە نیهایی یەکەی تێ بگەیەنێ .**

**باشە! ڕەوشتە عەمەلی یە ڕۆژانەکانی حیزبێکی ئاوا چۆنن ؟ ئەگەر بنچینەی مەوجوودیەتی تەشکیلاتی خۆمان لەسەر ئەو خاڵەی سەرەوە دامەزرێنین، وەلامی ئەم پرسیارە یانی دیارکردنی شێوە عەمەلی یەکان یەکجار سادە دەبیتەوە. بەلام ئەگەر شۆڕشگێریەتی خۆمان وەك وردەبۆرژوا- سوسیالیستەکان لە خەباتی دژ بە ڕژێم " وەیا تەنانەت لە خەباتی دیموکراتیك دا خۆلاسە بکەینەوە، دیارە هەموو ئەو ئەنجام و شوێنەوارانەی وا باسمان کردن یەکە یەکە لە ناو ئێمەدا سەر هەڵدەدەن . ئەو کات کاری کۆمۆنیستی وەك مەسەلەیەکی دژوارو پڕ پێچ و گرێ دەرکی پێ دەکرێ ، ئەو کات هەڵسوڕانی کریکاری مان لە چەند جولانەوەیەکی ئانارکۆ_ سەندیکالیستی دا خۆلاسە دەبیتەوە. ئەو کات ڕێکخراوی سوسیالیستی چینی کریکار مان لە بیردەچیتەوە. ئەوکات دەبینین کاری کۆمۆنیستی بەردەوام و شۆڕشکێرانە ناتەبایی و ناکۆکی هەیە لەگەل هەلسوڕانی تاکتیکی و نەرمی نیشاندان لە ڕەچاوکردنی تاکتیك دا، ئەو کات مەترسی تەشکیلاتیچی یەتی هەڕەشەمان لێ دەکات. بەڵێ هەموو ئەمانە دەشێن، چوونکە هاتنە خوارمان لەو ئامانجە چینایەتی یانەی وا بۆ خۆمان دیاری کردوون و بەرچاو تەسکی سیاسی، ڕێگای ئەوەمان بۆ دەکاتەوە کە سەرەڕای هەموو ئەو قۆرتانە بمێنیەوە و نیشانەو دیارگەی سەرکەوتن بۆ خۆمان بدۆزینەوە، بەلام بەرەوپێش چوونی شۆڕشی کۆمەلایەتی پێوانەی خۆی هەیەو بەسەنگی خۆی هەڵدەسنگینرێ . وە هیچ ئانارکۆسەندیکالیست و هیچ تەشیلاتچی یەك ناتوانی بە پێی ئەم پێوانانەو سەنگانە خۆی بەسەر کەوتووبزانی. نەك هەر ئانارکۆسەندیکالیستەکان، نەك هەر پۆپۆلیستەکان نەك هەر سکتاریستەکان، بەلکو تەنانەت کودەتاچی یەکانیش ڕەنگە بتوانن ڕژێمی شاو خومەنی بڕوخینن . بەلام شۆڕشی کۆمەلایەتی پرۆلیتاریا ئەو ئەرکە دەخاتە سەر شانمان کە شێوەی کۆمۆنیسیتی ڕەچاو بکەین. بەشێوەو ڕەوشتی وردەبۆرژوای ناتوانی بە ئامانجی کۆمۆنیستی بگەی. ئەو کەسە دەتوانی ئیددیعای خەبات و شۆڕشی بێ وچان بکا کە ڕێکخراوەکەی خۆی بەبۆنەی خەباتی"دژ بەڕژێم" و تەنانەت شۆڕشی دیموکراتیك پیك نەهێنی و هەموو بوون و نەبوونی خۆی بە خەباتێکی لەم چەشنەوە نەبەستێنەوە . کەسێك بێ کە هەر لە ئێستەوە شێوەورەشتی کۆمۆنیستی هەبی و بۆ شۆڕشی سیۆسیالیستی، بۆ دیکتاتوری پرۆلیتاریا ، دەست بداتە ریکخستن و تەبلیغ و تەرویج ، چونکە بێ وچاون بوونی شۆڕش لە گرەوی بوونی پرۆلیتاریایەکی سۆسیالییستی بەهیزدایە کە دەبێ ئەمڕۆ ڕێکخراوبێ . ئەگەر ئەمە نەکرێ هەموو شۆڕشێك هەرچەندیش گەورەو گرانبێ دەنرێتە بەردەستی بۆرژوازی. پێویستە ئیشارە بە خاڵێکی تریش بکەم مانای ڕێکخستنی حیزبی لینینی ئەوەی کە بە کردەوە دەست بدەیتە خەبات بە شێوەیی حیزبی ( کۆمۆنیستی ) . ئێمە لەسەر ئەو بڕوایەین کە تەنیا شێوە کارێك کە بە ڕاستی کۆمۆنیستی بێ تەنیا ئەو شێوەیەی کە ڕەچاوکردنی بەرنامەی کۆمۆنیستی ئێمەی مەبەست بێ ولەم بەرنامەیەوە سەرچاوەی گرتبی، دەتوانێ حزبی کۆمۆنیست واباربێنی و وەك حزبی کۆمۆنیستی بنووێنێ . مەوجوودیەتی حزبی کۆمۆنیست لە گرەوی بەدەستەوە گرتنی شێوە کۆمۆنیستی یەکاندایە. حیزب ئەگەر بێتو شێوەی غەیرە کۆمۆنیستی ڕەچاو بکا تیا دەچێ، چونکە ئەگەر " اتحاد مبارزان کمونیست" بەبی بە دەستەو گرتنی شێوەی کۆمۆنیستی ، ناتوانی ئامانجی کۆمۆنیستی بەڕێوە بەرێ، ئەگەریش ناوی خۆی بکاتە حزبی کۆمۆنیستی، هەروا دەبێ . چەند مانگ لەوەپێش خەبات بۆ جێگیرکردنی بەرنامەی حزبی کۆمۆنیست چەند گرنگ وحەیاتی بوو ، ئەمڕۆش ڕوونکردنەوەو جێگیرکردنی پێویستی بە دەستەوە گرتنی شێوە کۆمۆنیستی کان بەهەمان ڕادە گرنگ و حەیاتی یە، وە ئەوە ئەرکێکی ئێجگار گرنگە لە سەرشانی کۆنگرەی ئێمە کە ئەم یاسایانە، نەك هەر لە نێو ڕیزەکانی (اتحاد مبارزان کمونیست) دا بەڵکو لە بزوتنەوە کۆمۆنیستی دا جیگیر بکا. ئێمە ئەمڕۆ بە ئالایەکی مێژینەوە لەگۆنگرە دەچینە دەر، ئالای خەبات کردن بە شێوەی حزبی لینینی. بەبڕوای من بەم کۆنگرەیە ئێمە کۆمۆنیستەکان پاش ئەودابران و بۆشای یە دوورودرێژە، جارێکی تر بە تیئۆری حزبی لینینی یەوەو بە ئیرادەی پۆلاینەوە بۆ دروست کردنی حیزبیکی ئاوا، پێ یان ناوەتە مەیدان. ئێمە ئیتر نەك هەر لەباری نەزەری یەوە، بەڵکو لە کردەوەشدا میراتی لادانی بۆرژوایی و وردەبۆرژوای لە کۆمۆنیزم و کاری کۆمۆنیستی مان وەلاناوە. من دلنیام ئەگەر ئێستا باسەکە بەرەوژوورتر بەرین و شێوەکانی کاری کۆمۆنسیتی لەمەیدانە جۆراوجۆرەکاندا یەکەیەکە دیاری بکەین ئەو کات دەردەکەوێ کە چۆن تەنانەت لە نێو دڵی ئەم هەل ومەرجی خەفەقان و سەرکوتگردنەش دا، زەمینەی یەکجار لەبار بۆ گەشەو پتەوکردنەوەی تەشکیلاتیمان هەیە وە بۆرژوازی ئەو لێهاتوویی‌یەی لەبەرابەر ڕێکخراوە وردەبۆرژوا_سوسیالیستەکان بوویەتی، بەرانبەر بەو کۆمۆنیستانەی بەشێوەی کۆمۆنیستی هەڵدەسووڕین، نابیێ .**

1983

**<u>ڕوونکردنەوە :</u>**

**❶ - خەتی3 لەناو بزوتنەوەی چەپی ئیران دا بەو ڕیکخراوە چەپ و کۆمۆنیستانەی پاش ڕاپەرین و شۆڕشی سالی 1979 دەوترا کە حزبی ( توودە ) شیوعی ئیران و ڕەوتی چریکەکانیان بە ڕزیۆنیست دەناسی و هەلویستیان لەبەرامبەرا گرتبوون. بەلام داتر پاش بەستنی کۆنفرانسیك بەناوی ( کۆنفرانسی یەکگرتن ) کە بە مەبەستی خۆ ساغکردنەوەو سەروسامانداندن بە خۆیان بوو بە هیچ ئاکامیك نەگەشتن و لەبەریەك ترزان .**

❷- ( اتحاد مبارزان كمونيست ) ئەو ڕێکخراو ڕەوتە فکری و سیاسی یە بوو کە لەناو بزوتنەوەی چەپ و کۆمۆنستی ئیران دا لە سالانی پاش رووخانی حکومەتی شاهینشاهی ئیران لە سالی 1979 دا، بە مارکسیزمی شۆڕشگێر دەناسرانەوە. کە ئەم مەیل و بزوتنەوەیە لە پیکهینانی حزبی کۆمۆنستی ئیران دا لە سالی 1982 دەوریکی یەکجار چارەنووسازو گرنگی هەبوو. جیگەی ئاماژە پیٚ کردنە کە مەنسوری حکمت تیئۆرزەن ئەو رەوتە فکری و سیاسی یە بوو. هەروەك دەردەکەویت کە بنەمای باسەکانی هەر لەو سەردەمەشدا پیشت بەستووە بە میتۆدۆلۆژی یەکی مارکسیستی کە بەدەستەوەگرتنی ئەو میتۆدلۆژی یەو دریژەپیدان بە خەبات بەو جیگەی گەیاند کە تەکانیك بە مارکسیزم بدات و باسەکانی کمۆنیزمی کریکاری لەسەر بنیادبنی و لێرەشەوە وەك گرنگترین هەنگاو بۆ عەمەلی کردنەوەی جیهانبی و تیگەشتنی لە مارکسیزم زیندوڕاگرتنی ئالای کۆمۆنیزم ، هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئیران و عیراق بنیاتنا !

پیاچوونەوەی وەرگیران ( رێبوار عارف )